# فیدراڵیزمی نانۆرماڵ و دەوڵەتی فرە نەتەوەیی*

ن: جۆن ماک گاری
و: ئەیوب مەولوودی

ئەمە رەشنووسێکی کارکردنە. هەر کاتێک ئاماژە بەم نامیلکەیە کرا، پێویستە ئەمە روون بکرێتەوە.

لە چارەسەرە ستانداردەکاندا، فیدراڵیزمی نانۆرماڵ بارودۆخێکە کە تیایدا هەرێمێکی ولاتێک شێوەیەکی جیاوازی ئۆتۆنۆمی و، زۆرجار بارودۆخێکی دەستووریی جیاواز لە بەشەکانی دیکە وەردەگرێ. ئەمە لەوانەیە لە فیدراسیۆنەکان رووبدات یان لەو دەوڵەتە یەکگرتووانەی کە نیمچە لامەرکەزین.[١] لەوانەیە ئەمە لە دەستوورێکدا یان لە رێککەوتنێکی نێودەوڵەتیدا جێگیر بکرێ، یان لەوانەیە لە ئەنجامی یاسادانانێکی سادەوە بێتە ئاراوە. رێککەوتنە فیدراڵییە نانۆرماڵەکان بە "فیدراسی"[٢] ، "نیمچە

فیدرالی"، "لامەرکەزییەتی نانۆرمال"، یا بە "بەکانتۆنیکردن" پێناسە کراون. لە بەریتانیادا ئەو زاراوانەی کە بۆ پێناسە کردنی هەرێمە ئۆتۆنۆمییە نانۆرماڵەکان بەکار هێنراون، بریتین لە: گواستنەوە (devolution) و خۆبەڕێوەبردن (Home Rule).[٣]

مەسەلەی فیدرالیزمی نانۆرمال بە شێوەیەکی نەگۆڕ لەو دەوڵەتانەدا سەرهەڵدەدا کە جیاوازیی نەتەوەییان تێدایە. کۆمەڵە نەتەوەییە کەمینەکان لایەنگری سەرەکی نانۆرماڵیەتن. هەرچەندە رێگەیەکی دیکەی پێناسەکردنی ویستەکانی ئەوان دانپیانانیانە وەکو نەتەوە، یان وەکو ئەندازەیەکی گەورەتر لە نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتەکە.[٤] ئەوانەی کە بڕوایان وایە دەوڵەتێک دەبێ ببێتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی (ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان، یان یەکپارچەیی خوازەکان) بارودۆخی جیاواز بۆ هەرێمە کەمینەکان رەتدەکەنەوە کە نیشانەی دانپیانانە بە نەتەوەبوونی کەمینەیەک. ئەمە وەکو شتێکی نەگونجاو لەگەڵ ویستی دەوڵەت و، تەنانەت هەندێک جار لەگەڵ بەها مەرکەزییەکانی یەکیەتی، یەکسانی و ئازادی سەیری دەکرێ.

سەدەی بیستەم هەندێ حاڵەتی فیدرالیزمی نانۆرمالی بەرهەم هێناوە (Watts 1999; Lapidoth 1997; Hannum; 1996). دوای جەنگی یەکەمی جیهان دامەزراوەی نانۆرمال لە دورگەکانی ئالەند (Aland)، هەرێمێکی سویدی زمانی فینلەندایە، مێمێل (Memel) هەرێمێکی ئەڵمانی زمانی لیتوانیایە، و دانزیگ (Danzig)، شارێکی ئەڵمانی زمانی پۆڵەندایە، دامەزرێنراون. بەریتانیا فیدرالیزمی نانۆرمالی بە هەردوو بەشەکەی ئیرلەندا بەخشی لە یاسای حکومەتی ئیرلەندا لە ساڵی ١٩٢٠، بەڵام تەنیا لە ئیرلەندای باکوور ئەم یاسایە کاری پێکرا کە تیایدا دامەزراوە ئۆتۆنۆمیەکان تا ساڵی ١٩٧٢ مانەوە. دوای جەنگی دووهەمی جیهان، ژمارەیەک هەرێمی کەمینەکە ناو ئیتالیا ئۆتۆنۆمی نانۆرمالیان وەرگرت وەکو (S. Tyrol)، (Vale d'Aosta)، (Friuli- enezia Giuli)). لە ساڵانی یەکەمی دوای

دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ، ئیسپانیا ئۆتۆنۆمی نانۆرمالّی بە نەتەوە مێژووییەکان وەک بەخشی لە ولاّتی باسک (Catalonia)و (Galicia)، بەلاّم لەوکاتەشەوە پلەی زۆر هاوشێوەی ئەم ئۆتۆنۆمییانەی بەخشیوە بە هەرێمەکانی دیکەی ولاّتەکەی. فەرەنسا شێوەیەکی زۆر سنوورداری ئۆتۆنۆمی نانۆرمالّی بە کۆرسیکا (Corsica) لە سالّی ١٩٨٢دا. لە کاتێکدا کە دەولّەتە کۆمۆنیستییەکانی پێشووی رۆژهەلاّتی ئەوروپا لایەنگرییەکی جیاوازیان نیشاندا بۆ دەولّەتی نۆرمالّی یەکگرتوو، ئۆکرانیا لە سالّی ١٩٩١ ئۆتۆنۆمی بە کریمیا (Crimia) بەخشینی، و مۆلداڤیا لە سالّی ١٩٩٤ ئۆتۆنۆمی بە قەوقازیا (Gogazia)دا. روسیا یەکسەر دوای رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت، فیدراسیۆنێکی نانۆرمالّی دروست کرد، هەرچەندە حکومەتەکەی پوتین لەو کاتەوە لە هەولّی گەڕاندنەوەی ئەوەدا بووە. لە سالّی ١٩٩٨دا بەریتانیا ئۆتۆنۆمی نانۆرمالّی بە سکۆتلەندا، ئیرلەندای باکوور و وێلزدا. رێکخستنەکان نانۆرمالّ بوون، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کە بەشێک لە دەولّەتەکە ئۆتۆنۆمی وەردەگرت، بەلّکو چونکە ئەوان جیاوازییەکی قوولّیان لەنێواندا هەبوو. لە ئەفریقا، کە وەکو رۆژهەلاّتی ئەوروپا دەولّەتەکانیان یەکگرتوو و مەرکەزین، ئەریتیریا لە نێوان سالاّنی ١٩٥٢-١٩٦٢دا ئۆتۆنۆمی لە ئەثیوبیا وەرگرت، هەرێمی باشووری سودان لە سالّی ١٩٧٢ تا ١٩٨٣ ئۆتۆنۆمی هەبوو. ئەمە لە کاتێکدایە کە زەنزیبار لە سالّی ١٩٦٤ەوە هەرێمێکی فیدرالّییە لە ناو تانزانیادا. لە ئاسیادا، فیلیپین لە سالّی ١٩٩٦ەوە ئۆتۆنۆمی داوە بە هەرێمە موسولّمانشینەکانی میندانائو (Mindanao)، و پاپوا نیو گینیا (Papua New Guin-ea) دوای سالّی ٢٠٠٢ ئۆتۆنۆمی بە بوگەینڤیل (Bougainville) بەخشیوە. لە کوردستانی عیراق و کۆسۆڤۆ، هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەرێمی ئۆتۆنۆمی نانۆرمالّی ئەمری واقعیان بنیاتناوە، هەرچەندە کە ئەمانە لەلایەن دەولّەتەکانیانەوە دانیان پێدا نەنراوە.

هەندێ حاڵەتی دیکەدا مشتومڕ لەسەر فیدرالیزمی نانۆرماڵ بەردەوامە، یان سەرکەوتوو نەبووە، لە راستیدا نانۆرماڵی لەلای دەوڵەت شتێکی خەیاڵی و دوور لە راستییە. ئەندەنوسیا بەردەوام خەریکی دانوستاندن بووە سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی دان بە پارێزگاکانی (Aceh) و (Papua)، سریلانکاش لەگەڵ تامیلەکانی هەرێمەکانی باکووری و رۆژهەڵاتیدا. فەرەنسا بەشێوەیەکی نارێک فراوانکردنەوەی ئۆتۆنۆمی کۆرسیکای تاوتوێ کردووە، بەڵام ئەمە سەرکەوتنی سنوورداری هەبووە. لە ئیسپانیا، نەتەوە مێژووییەکان خوازیاری گۆڕانکارین بۆ گەڕاندنەوە یان فراوانکردنی جیاوازییەکانیان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی دەوڵەتدا. حکومەتی مۆڵداڤیا خەریکی دانوستاندنە لەگەڵ هەرێمی جیابووەوەی (Trans-Nistrua) سەبارەت بە فیدرالیزمی نانۆرماڵ. لە کاتێکدا فیدراسیۆنی کەنەدا ئۆتۆنۆمییەکی زێتر بە هەرێمی کیوبیک (Quebec) دەدا، ئەمە لە ساڵانی دواییدا کەمتر ئارەزوومەندانە بووە، بە لایەنی کەمەوە لە دەیەکانی دواییدا، بۆ بەخشینی فیدرالیزمێکی نانۆرماڵی فەرمی، بە واتایەکی دیکە، بارودۆخێک یان دەسەڵاتێکی دەستووری بۆ کیوبیک کە هەرێمەکانی دیکە نەیانبێت. لە حاڵەتەکانی دیکەدا، بە هەرێمی کوردیی تورکیا و هەرێمی کارێن(Karen)ی میانمار و هەرێمی (Magyar)ی سلۆڤاکیا، فیدرالیزمی نانۆرماڵ وەکو بەدەر لە باس کردن، سەیر دەکرێ.

لەم نامیلکەیەدا من بە شیکردنەوەی ئەوە دەست پێدەکەم کە بۆچی ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان دژی نانۆرماڵین و بۆچی ناسیۆنالیستە کەمینەییەکان لایەنگریی ئەوە دەکەن. نامیلکەکە باسێکی سەرەتایی دەدا بەدەستەوە سەبارەت بەو بارودۆخانەی کە نانۆرماڵی تێدا دەسەبەر دەکرێ، تا چەند راستە دژایەتی بکرێ، بە واتایەکی دیکە، ئایا یەکپارچەیی دەوڵەت دەخاتە مەترسییەوە، ئایا ناجێگیرە، ئایا کۆسپی جددی دێنێتە سەر رێگای ئازادی و یەکسانی؟

## خشتەی ژمارە ١: حاڵەتەکانی فیدراڵیزمی نانۆرماڵ لە سەدەی بیستەمدا

| ولاّت | هەرێمی فیدراڵ | ساڵی دەستپێکردن و کۆتایی هاتن |
|---|---|---|
| سوید | نەرویج | ١٩٠٥-١٨١٥ |
| پۆڵەندا | دانزیگ | ١٩٣٩-١٩١٩ |
| فنلەندا | دورگەکانی ئالەند | -١٩٢٠ |
| بەریتانیا | ئیرلەندای باکوور(١) | ١٩٧٢-١٩٢١ |
| لیتوانیا | مێمێل | ١٩٣٩-١٩٢٤ |
| ئیتالیا | تریۆلی باشور، فریولی ڤێنێزیا گیولیا، ڤەیل داوۆستا | -١٩٤٨ |
| یۆگسلاڤیا، سربیا | کۆسۆڤۆ و ڤۆیڤۆیدینا | ١٩٨٩-١٩ XX |
| ئەثیوبیا | ئەریتیریا | ١٩٦٢-١٩٥٢ |
| تانزانیا | زانزیبار | -١٩٦٤ |
| سودان | سودانی باشوور | ١٩٨٣-١٩٧٢ |
| عێراق | کوردستان | ١٩٧٥-١٩٧٢؟؟ |
| بەریتانیا | ئیرلەندای باکوور(٢) | کانوونی دووەم-ئایاری ١٩٧٤ |
| دانیمارک | گرینلاند | -١٩٧٨ |
| ئیسپانیا | ولاّتی باسک، کاتالۆنیا، گالیسیا | -١٩٧٨ |
| کەنەدا | سێشێلت (Sechelt) | -١٩٨٦ |
| نیکاراگوە | کەناری ئەتلەنتیک، میسکیتۆ | -١٩٧٨ |
| فەرەنسا | کۆرسیکا | -١٩٩١ |
| ئۆکرانیا* | کریمیا | -١٩٩١ |
| روسیا | چەند هەرێمێکی جیاواز | -١٩٩١ |
| مۆلدۆڤا | قەوقاز | -١٩٩٥ |
| فنلەندا | سامی | -١٩٩٥ |
| فلیپین | میندناو | -١٩٩٦ |
| بەریتاینا | ئیرلەندای باکوور(٣)، سکۆتلەندا، وێلز | -١٩٩٨ |
| کەنەدا | نوناڤوت | -١٩٩٩ |
| کەنەدا | نیسگائا (a'Nisga) | -٢٠٠٠ |
| ئەندەنوسیا** | پاپوای رۆژئاوا، ئاسێ | -٢٠٠١ |
| پاپوا نیو گینیا | بۆگەینڤیل | -٢٠٠٢ |
| سودان | باشوور (١) | -٢٠٠٤/٥ |

* لە ساڵی ١٩٩٥دا گۆڕانکارییەک لە رێکخستنی ئۆتۆنۆمی کریمیا روویدا. حکومەتی فیدراڵی کریمیا خرایە ژێر کۆنترۆڵی نەتەوەیی، بەڵام پەرلەمانی کریمیا رێگەی بەردەوام بوونی پێدرا.

** رێککەوتنی ئۆتۆنۆمی ئاسێی تا تەمووزی ٢٠٠٢ کاری پێنەکرا.

## ١- ناسیۆنالیستە دەوڵەتیەکان و دژایەتی فیدرالیزمی ناهاوسەنگ؟

ناسیۆنالیستە دەوڵەتیەکان هەموو جۆرەکانی ناهاوسەنگی رەت ناکەنەوە. یەکەم، ئەوان لەوانەیە ئامادە بن بارودۆخێکی ناهاوسەنگ ببەخشن بە هەرێمێک کە لە دەرەوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکەدابێ، هەروەکو پوێرتۆ ریکۆ (Puerto Rico) لە حاڵەتی ئەمریکادا، یان ئیرلەندای باکوور لە حاڵەتی بەریتانیادا. دووهەم، ئەوان لەوانەیە بارودۆخی ناهاوسەنگی ببەخشن بەو هەرێمانەی کە بگونجێن لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا. بەم پێیە، ئاساییە بۆ فیدراسیۆنەکان کە جیاوازی لە نێوان یەکە پێکهاتەکان لەسەر بنەمای دانیشتوان بکەن، ئەو یەکانەی دانیشتوانیان زیاترە رۆڵی گەورەتر لە دامەزراوە فیدراڵیەکان یان هەموارکردنە دەستوورییەکاندا دەگێرن هەرچەندە هەندێ فیدراسیۆن کەمتر توانای وەگەڕخستنی خۆپێشاندانیان هەیە لەوانی دیکە (Stepan 1999). هەروەها زۆرجار جێگەی پەسەندە جیاوازی نێوان هەرێمەکان لەسەر بنەمای بارودۆخی ئابووری دابنرێ، کە حکومەتی فیدراڵ یان مەرکەزی دووبارە سامان دابەش بکەنەوە لە هەرێمە دەوڵەمەندەکانەوە بۆ هەژارەکان، بە کڕینی کەلوپەل و دابین کردنی شوێن بۆ کۆمپانیاکان لە یەکە هەژارەکاندا و هەروەها... ئەم شێوازانەی ناهاوسەنگی زۆر جار لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی پاساویان بۆ دەهێنرێتەوە: هەروەکو بەهۆی پێوانەی یەکسانی نێوان هەموو ئەندامانی نەتەوەکە یان ئەو پابەندییانەی کە یەکێک هەیەتی لەبەرامبەر ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەی نەتەوەییدا دەخوازرێ.

ئەوی کە ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان لەگەڵی ناکۆکن ئەو رێکخستنە ناهاوسەنگانەیە کە جیاوازی نێوان هەرێمەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی دەکات، بە واتایەکی دیکە ئەو جیاکردنەوانەی کە دەڵێن دانیشتوانی هەرێمەکە سەر بە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی جیاوازن. لە راستیدا زۆرجار دەوڵەتەکان هەوڵی پێشگیری کردنی سەرهەڵدانی ئەم

داواکارییانە دەدەن بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی پاراستنی مەرکەزییەتی یەکپارچەییەوەو لە ڕێگەی هەڵمەتی تواندنەوەو تەنانەت پێشگیریکردن لەو پارتە سیاسیانەی کە دەڵێن نوێنەرایەتی کەمینە نەتەوەییەکان دەکەن. ئەوانی دیکە ڕێگە بە ئۆتۆنۆمی دەدەن، بەڵام دڵنیای ئەو دەکەنەوە کە سنووری هەرێمەکان بە شێوەیەک کێشراون کە نابنە شوێنی داواکاریی کەمینەیی. بەم پێیە ئەمریکا وریا بوو، کە ڕۆژئاوای باشووری فراوان کردەوە لە ١٣ ویلایەتە ڕەسەنەکەی خۆی کە هاوڕەگەزبوون (جگە لە کۆیلە ئەفریقییەکان)، بۆ دڵنیابوونەوە لەوە کە هیچ هەرێمێک نەبووە دەوڵەت تا کەمینەکان بتوانن لە ئەندازە بەدەر ژمارەیان زیاد ببێ بە نیشتەجێبوونی پرۆتستانە ئەنگلۆساکسۆنە سپی پێستەکان. هەندێ جار تەکنیکەکە، دابەش کردنی سنوورەکانی ویلایەتەکان بوو، بەم مەبەستە کە دڵنیابن لەوە کە هیندییەکان یان هیسپانیکەکان ژمارەیان زیاتر بێ، وەکو لە فلۆریدا. لە کاتی دیکەدا، وەکو لە دوورگەی هاوای و باشووری ڕۆژئاوادا، بوونە دەوڵەت دواخرا تا ئەو کاتەی کە جێگای دانیشتووە لەمێژینەکانی هەرێمەکە بە تێخزاندنی دانیشتووە پرۆتستانە ئەنگلۆساکسۆنە سپی پێستەکان پڕ بکرێتەوە. لە شوێنی دیکە، وەکو لە نەیجیریا کە دروست کردنی سنووری فیدراڵی زەحمەت، یان تەنانەت مەحاڵە، بۆ ئەوەی کەمینەکان بەلایەنی کەمەوە دەست بەسەر هەندێک هەرێم دانەگرن، هەندێ بڕیار دران بۆ دابەشکردنی هەر گروپێک بۆ چەند هەرێمێک، بەو هیوایە کە ئەمە یەکگرتویی گروپەکە لاواز بکات و هانی ئەو هاوبەندییانە بدەن بۆ بەزاندنی سنوورە گروپییەکان. تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە کۆمەڵگە نەتەوەییەکان یەکەی خۆ بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆیان (تاک)یان هەیە، وەکو لە کەنەدا یان ئیسپانیا، ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە فیدراسیۆن دەبێ لەسەر بنەمای "ئیداری" و "هەرێمی" بێ، نەک بنەمای ئیتنی و نەتەوەیی.

فیدراڵیزمی نانۆرماڵ لەسەر دوو بناغەی سەرەکی دژایەتی دەکرێ. یەکەم، وا بیر

دەکرێتەوە کە ڕێگەی دابەش بوون خۆش دەکات.[٥] بە نیشاندانی ئەوە کە ئەو کەمینەیەی باسی لێوە دەکرێ گەلێک یان نەتەوەیەکی جیایە، وا دەنوێنێ کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی لەدوا دێ. بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان حکومەتی هەرێمێک لەگەڵ خەڵکەکەی، وا دەبینرێ کە هانی وەفاداربوون بەو حکومەتە بدات. هەندێک دەوڵەتی یەکگرتوو ترسی دەرەنجامی "دۆمینەیی" یان هەیە لە ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ. لەم مشتومڕەدا، کە لە ئەندەنوسیادا دەستی پێکرد، و بەشێوەیەکی لاوازتر لە فەرەنسا و تورکیاشدا، ترس ئەوەیە کە بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە یەک هەرێم دەبێتە هۆی کاردانەویەکی زنجیرەیی، ئەگەر بێتوو ئەوانی دیکە، کە تا ئێستا بێدەنگ بوون، هەمان داوا بکەن. بە ئاشکرا، سەرۆکی ئەندەنوسیا، ب. ج. حەبیبی، زۆر لەوە دەترسا کە ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ بۆ تەیموری ڕۆژهەڵات دەرەنجامی دۆمینەیی هەبێ، بۆیە پێی باشتر بوو کە سەربەخۆیی پێ بدات. (Ghai 2001) ژمارەیەک سیاسەتمەداری بەرزی فەرەنسا، لە ناویاندا سەرۆک کۆمار شیراک و وەزیری ناوخۆی پێشوو پییەر شێڤێنێمۆ (Pierre Chevenement) دژایەتی پێشنیاری ئەم دواییانەی پاریسیان کرد بۆ فراوانکردنەوەی ئۆتۆنۆمی کۆرسیکا لەسەر ئەو بناغەیەی کە وەکو پەتا بڵاودەبێتەوە بۆ بەریتانی (Brittany)، ئەلساک (Alsace) و ساڤۆی (Savoy) هەروەها بۆ "باسک"ە فەرەنسییەکان و کاتالۆنیەکان (Ferenczi 2001: 42). شیراک ئاگاداری ئەوەی دا کە فەرەنسا دەبێتە فیدراسیۆن، شێڤێنێمۆ پێی وابوو ئۆتۆنۆمی کۆرسیکا وەکو ڤایرۆسی (I Love You)ی کۆمپیوتەر بڵاو دەبێتەوە.[٦] ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکانی دیکەی وەکو مەسەدۆنیا، سلۆڤاکیا و سریلانکا لەوە دەترسن کە نانۆرماڵی هانی (irredentism) دەدات: بە دانی ئۆتۆنۆمی بە کەمینەیەک، ئەگەری زۆر هەیە کە ئەو هەرێمە کەمینەیە لە ئەنجامدا لەگەڵ هەرێمێکی هاوسنووری خۆی کە نزیکایەتی زۆری هەیە یەکبگرێ[٧] ترسی گەورەی دووهەم سەبارەت بە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ ئەوەیە کە هەڕەشە لە بنەمای

کرۆکی ئازادی و یەکسانی دەکات. دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی لەسەر بنەمای نەتەوەیی، نیشاندەری ئەوەیە کە هەرێمەکە موڵکی گروپێکی دیاریکراوەو ئەوانەی لەدەرەوەی ئەو گروپەن هاوڵاتی پلە دوون. بەهەمان شێوە، ئەمە حکومەت دەسپێرێ بە سیاسەتمەدارەکانی کەمینە کە بەگشتی لە چاوی ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان بە نەتەوەیی و شۆڤینی سەیر دەکرێن. سێیمۆر مارتین لیپسێت - Seymor Martin Lipset باس لەوە دەکات کە ناسیۆنالیستە کەمینەییەکان بەشداربوون لە "هەڵگەڕانەوەیەک لە دژی مۆدێرنیتە"، لە کاتێکدا کە ئێلازار (Elazar) پێی وابوو ئەوان دەیانەوێ (هەموو حکومەتە ئازادەکە بچوک بکەنەوە لەبەرامبەر شوێنی سازش لەسەر نەکراو)ی خۆیان (164-64. Lipset 1985; Elzar 1994: 128-29). ئێریک نۆردلینگەر، لە کاتێکدا کە لایەنگری گونجاندنی کەمینەکانە لە رێگەی دابەش کردنی دەسەڵات، بەڵام دژی ئۆتۆنۆمی نەتەوەییە لەسەر ئەو بنەمایە کە رێگە بە پێکهاتەی باوی هەرێمەکە دەدات کە داواکارییەکانی پێکهاتەی کەمینە پشتگوێ بخات یان بەدرۆیان بخاتەوە (Nordlinger 1972-21-32). لە بابەتێکی ئەم دواییانەدا سەبارەت بە عیراق، ئەندریاس ویمەر ترسی لەوە هەبووە کە ئۆتۆنۆمی ئەتنیکی "لەوانەیە مەترسی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ زیاتر بکات نەک کەمی بکاتەوە، بە تایبەتی بۆ ئەندامانی ئەو کەمینە ئەتنیکیانە کە لە ژێر حوکمی حکومەتی زۆرینەدا دەژین لە یەکەیەکی فیدراڵدا. (Wimmer 2003-123) ئەم ترسە، کە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ هەڕەشە لە مافەکانی کەمینە دەکات لە ناو یەکەیەکی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵدا، فاکتەرێکی گرنگ بووە لە رەتکردنەوەی کەنەدای ئینگلیز زمان بۆ بەخشینی بارودۆخێکی تایبەت بە کیوبیک لە کۆتاییەکانی هەشتاکاندا. ناسیۆنالیستە دەوڵەتییە بەریتانیەکان لە ئیرلەندای باکووریش لە ماوەی نێوان حەفتاکان و هەشتاکاندا باسیان لەوە دەکرد کە ئۆتۆنۆمی بۆ ئیرلەندای باکوور گەشە بە نالیبراڵیزم و رەگەزپەرەستی دەدات، کە لە راستیدا لە ماوەی ١٩٢١ تا

١٩٧٢ دا بووە. وەڵامی ئەوان تواندنەوی ئیرلەندای باکوور بوو لەناو بەریتانیادا.

هەروەها دەگوترێ کە فیدرالیزمی نانۆرماڵ هەڕەشەیە بۆ سەر ستانداردەکانی یەکسانی دیموکراتیک و بەرپرسیاریەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یاسادانەرانی هەرێمە ئۆتۆنۆمییە نانۆرماڵەکە دەتوانن کار بکەنە سەر ئەو بڕیارانەی کە کاریگەرییان نییە لەسەر هەرێمەکەی خۆیان، لە کاتێکدا ئەندامانی دیکەی وڵاتەکە هیچ کاریگەرییەکی بەرامبەریان نییە لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییە نانۆرماڵەکەدا. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگ بوو لەماوەی مشتومڕی (Home Rule)ی ئیرلەندیدا لە نێوان سالانی ١٨٨٦-١٩١٤، کاتێک گلادستۆن (Gladstone) و ئەسکویز (Asquith) هەردوکیان لەگەڵیدا جەنگین (Bogdanor 1999). بە هەمان شێوە ئەم مەسەلەیە لە ماوەی مشتومڕەکانی گواستنەوەدا سەریهەڵدا لە بەریتانیا لە حەفتاکاندا لەسەر دەستی ژمارەیەک لە دژەکانی گواستنەوە، بە تایبەتی لەلایەن ئەندامی کارگەر بۆ پێکهاتەی سکۆتلەندیی لۆسیانی رۆژئاوا (West Lothian)، تام دالیەل (Tam Dalyell) و لەو کاتەوە لە سیاسەتی بەریتانیادا بە "مەسەلەی لۆسیانی رۆژئاوا" ناسراوە. ئەمە مەسەلەیەکە کە هەرکاتێک نانۆرماڵی بچەسپێنرێ سەرهەڵدەدات، ئەمە تەنیا لە بەریتانیادا نییە. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگ بوو لە کاتی مشتومڕەکانی سەبارەت بە نانۆرماڵی هەرێمی کیوبیک لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکاندا، کەچی کە ئەمە لە سیاسەتی ئیسپانیادا بەو شێوەیە بەرچاو نەبووە.

لەبەر ئەم ترسانە، دەوڵەتان بۆ ماوەی درێژخایەن لە هەوڵی پێشگیری کردنی نانۆرماڵیدا بوون. لەگەڵ سەپاندنی مەرکەزییەتێکی یەکپارچەیی یان دابەشکردنی سنوورە هەرێمییەکان، ئەوان بە لامەرکەزییەتێکی نۆرماڵ وەڵامی داواکانی کەمینەکانیان بۆ ئۆتۆنۆمی داوەتەوە، تەنانەت کاتێک کە ئەمە لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتەکەوە نەویستراوەو پەسەند نەکراوە. کەنەدا هەردەم داواکانی هەرێمی کیوبیکیان بۆ ئۆتۆنۆمی

بە بەخشینی دەسەلاتی فیدرالی بە هەموو پارێزگاکان یان بە ڕێگەدان بە هەموو پارێزگاکان بۆ هاتنە دەرەوە لە پرۆگرامە فیدرالییەکان وەلام داوەتەوە، بۆ شێواندنی هەموو ئەوانەی کە باوەڕیان بە حکومەتێکی بەهێزی نەتەوەیی کەنەدی هەیە. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی کەنەدا یەکێکە لە لامەرکەزیترین فیدراسیونەکانی جیهان. کەنەدا بۆی دەرکەوت کە وا ئاسانترە مافی دەستووری بۆ خۆکێشانەوە بدات، کە هەموو پارێزگاکان بتوانن بەشێوەیەکی نۆرمال سوودی لێوەربگرن، نەک نۆرمالییەکی فەرمی لە نێوان پارێزگاکانیدا. دوای پەیمانی ١٩٨٧ی نێوان هیندستان و سریلانکا، کۆلۆمبۆ دەسەلاتی بەسەر هەموو ولاتدا دابەش کرد بە هەرێمەکانی تامیلیشەوە لە باکوورو ڕۆژهەلات. پاپوا نیو گینیا وەلامی داواکانی بۆگەینڤیلی بۆ ئۆتۆنۆمی لە سالی ١٩٧٦بە جۆرێکی هاوشێوەی لامەرکەزییەتی گشتی دایەوە. دەرەنجامەکە کوشتارگەیەک بوو کە تیایدا ئەو ناوچانەی کە ئۆتۆنۆمییان نەدەویست یان ئامادەی ئەوە نەبوون، بە هەر شێوەیەک بێ بەسەریاندا سەپێنرا. لەماوەی مشتومڕەکانی سەبارەت بە (Home Rule) بۆ ئیرلەندا لە بەریتانیا لە نێوان سالانی ١٨٨٦-١٩١٤دا، بیرۆکەی خۆبەڕێوەبردن بۆ هەموو لایەک (Home Rule all round) وەکو ئالتەرناتیڤێک پێشنیار کرا، لەسەر بنەمای ئەو بیرکردنەوەیەی کە ئەمە مەترسی کەمترە بۆ سەر یەکیەتی بەریتانیا لە بەخشینی ئۆتۆنۆمی تەنیا بە ئیرلەندا (Bogdanor 1999). بەم دواییانە، ناسیۆنالیستە دەولەتییەکانی بەریتانیا لە ئیرلەندای باکوور رایان وابوو کە ڕێکخستنەکانی گواستنەوە بۆ هەرێمەکە دەبێ وەکو ئەوانە بن کە لە بەریتانیای گەورەدا کاریان پێدەکرێ.

تەنانەت کاتێک کە نانۆرمالیش دەبەخشرێ، ناسیۆنالیستە دەولەتییەکان لەوانەیە لە هەولی ستاندنەوەی ئەمە دابن. ئەمە وەسفی ئەو حالەتە دەکات کە لە حەفتاکانەوە لە ئیسپانیا ڕوویداوە. بەخشینە سەرەتاییەکەی ئۆتۆنۆمی نانۆرمال بە نەتەوە مێژووییەکان

بەخشینی هەمان پلەی ئۆتۆنۆمی بە هەموو هەرێمەکانی تری وڵاتەکەی بەدوادا هات. ئەو دوا دەسەڵاتە نانۆرماڵییە گرنگانەی کە ماونەتەوە ئەو دەسەڵاتە مێژووییەی زیادکردنی بەرهەمەی وڵاتی باسکە. بزوتنەوەیەکی هاوشێوە لە رووسیا روویدا کە تیایدا پوتین لە هەوڵی گێڕانەوەی ئەو رێکخستنە نانۆرماڵانەدابوو کە رێگەیان پێدراوە، لە راستیدا لە لایەن یەڵتسنەوە هان دراون لە سەرەتای نەوەتەکاندا.[٨]

تاکتیکێکی دیکە، کە بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپادا باو بوو، پێشنیارکردنی ئۆتۆنۆمی ناهەرێمی بووە وەکو ئاڵتێرناتیڤێک بۆ ئۆتۆنۆمی هەرێمی بۆ گروپە کەمینەکان. ئیستوانیا، سلۆڤاکیا، کرواتیاو روسیا هەموویان شێوەی ئۆتۆنۆمی ناهەرێمیان بەکار هێناوە بۆ کەمینەکان. لە روسیادا، کە سیستەمێکیش بۆ ئۆتۆنۆمی هەرێمی هەیە بۆ کەمینەکان، ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان پشتگیری ئۆتۆنۆمی ناهەرێمی دەکەن وەکو ئاڵتێرناتیڤێک یان بە لایەنی کەمەوە وەکو هێزێکی پارسەنگ (Opaiski and Kym-licka 2002: 308 and 382).

تەنیا ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان نین کە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ رەتدەکەنەوە، بەڵکو رێکخراوە نێو ویلایەتییەکانیش بە هەمان شێوە. رێکخراوی OSCE نیگەرانی خۆی سەبارەت بە جۆرێکی دیاریکراوی رژێمی ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمە کەمینەکان دەربڕیوە و، پێشنیاری ئۆتۆنۆمی گشتی (نۆرماڵ)ی هەرێمی کردووە چونکە بەڕای ئەو بێ کێشەو مشتومڕترە (Kymlicka 2002: 361 and). لەوکاتەوە کە دۆکیۆمێنتی ١٩٩٠ی کۆپنهاگن پێشنیاری ئۆتۆنۆمی هەرێمی وەکو رێگەیەک بۆ گونجاندنی کەمینەکان، کردووە پاشگەزبوونەوەیەکی بەردەوام هەبووە لە پشتگیریکردنی ئەمە لە دۆکیۆمێنتە نێودەوڵەتیەکاندا لەلایەکەوە لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیانەی لە دابەش بوونی یوگسلاڤیاو یەکیەتی سۆڤیەتەوە سەریان هەڵدا. ئێستا ئەم دۆکیۆمێنتانە ئەگەری زیاتری ئەوەیان هەیە کە جەخت لەسەر چارەسەری ناهەرێمی بکەنەوە نەک هەرێمی.[٩] بەڕێوەبەری گشتی

کاروباری کەمینە نەتەوەییەکانی OSCE بەم دواییانە کەمینە نەتەوەییەکانی ئاگادار کردووەتەوە کە "لەگەڵ ئەوەشدا کە دۆکیۆمێنتی کۆپنهاگنی OSCE ئۆتۆنۆمی هەرێمی وەکو رێگە چارەیەک ناودەبات، دەبێ کەمینەکان ئەو راستیە لەبەرچاو بگرن کە داوایەکی لەم جۆرە لەوانەیە رووبەڕووی گەورەترین دژایەتی بێتەوەو لە کاتێکدا کە ئەوان لەوانەیە شتی زیاتر بەدەست بێنن ئەگەر تەئکید لەسەر ئەو یاسادانانە بکەنەوە کە رێگەیان پێدەدات کە زیاتر قسەیان بڕوات لەو بوارانەی کە بەرژەوەندی تایبەتی هەیە بۆیان، وەکو پەروەردەو کەلتوور،" هەروەها گوتوویەتی "بەڕای من گرنگییەکی کەم دراوە بە ئەگەرەکانی ئۆتۆنۆمی ناهەرێمی" (Cited in Kymlicka 2002). وا دیارە کە OSCE خەریکی "بانگهێشتکردنێکی تەقلیدی بۆ ئۆتۆنۆمی ناهەرێمی بووە وەکو رێگەیەک بۆ گونجاندنی کەمینە نەتەوەییەکان (Kymlicka 2002: 382).

**٢- نەتەوە کەمینەکان و پشتگیری بۆ فیدرالیزمی نانۆرماڵ**

نوێنەرانی هەندێ کەمینە پشتگیری هەمان بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەن وەکو ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان، تەنیا لەسەر سنوورەکانی لەگەڵیان کۆک نین. ئەوان زیاتر لایەنگری سەربەخۆیی دەکەن تاوەکو فیدرالیزمی نانۆرماڵ. ناسیۆنالیستە کەمینەییە میانەڕەوترەکان ئەگەری دەوڵەتی فرەنەتەوە پەسەند دەکەن. بە دژایەتی لەگەڵ بیرۆکەی نۆرماڵی لە نێوان هەرێمەکانی دەوڵەتدا، ئەوان بنەمای نۆرماڵی کێبەرکێیی پێشنیار دەکەن لە نێوان نەتەوە پێکهێنەرەکانیدا.

لەکاتێکدا نەتەوە کەمینەکان لەوانەیە لامەرکەزییەتی نۆرماڵ بە سەرنج راکێشتر بزانن لە مەرکەزییەت، بەو مەرجە کە هەرێمەکەیان دابەش نەکرێ، ئەوە هەمیشە بە کەمتر لە نمونەیی لەقەڵەم دراوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نەتەوە کەمینەکان تەنیا بەدوای بەدەستهێنانی ئەو هێزەدا ناگەڕێن کە پێویستە بۆ پاراستنی کەلتوورو بەرژەوەندییەکانی

دیکەیان، بەڵکو بەدوای بەدەستهێنانی ئەو بارودۆخەن کە سوودی بۆ کۆمەڵگەی نەتەوەیی هەبێ. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لامەرکەزییەتی نۆرماڵ توانای مانەوەی نییە لەگەڵ بارودۆخێکی لەو جۆرە، کە هەرێمی کەمینەکە بە هاوتەریب لەگەڵ هەرکام لە هەرێمەکانی دیکە دادەنێ کە سەر بە نەتەوەی باوی دەوڵەتەکەن. بەم پێیە، لە کەنەدا، سەرکردەکانی کیوبیک بە توندی دژایەتی ئەوە دەکەن کە ئەوان پارێزگایەکی سادەن وەکو نۆ پارێزگا ئینگلیز زمانەکانی دیکەی کەنەدا. ناسیۆنالیستە میانەڕەوەکانی کێبێک کە پییێر ترودۆ (Pierre Trudeau) گاڵتەی پێ دەکردن و بە "بەناو ناسیۆنالیستە فیدراڵیستەکان" ناوی دەبردن وەکو ئەوەی کە زاراوەکە پێچەوانە بێ، بەشێوەیەکی تەقلیدی پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە کەنەدا وەکو فیدراسیۆنی "دوو نەتەوەی پێکهێنەر" سەیر بکرێ (یان زیاتر ئەگەر ڕەسەنەکانیش حیساب بکرێن) یان کیوبیک بە شێوەیەکی فەرمی وەکو "کۆمەڵگایەکی جیا" دانی پێدابنرێ. لە بەریتانیا، زۆر ناسیۆنالیستی ئیرلەندی ڕەخنەیان لە "Home Rule Round" گرت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم یاسایە بە ئەندازەی پێویست حاڵەتی ئیرلەندی جیانەکردەوە. ژمارەیەکی زۆری سکۆتلەندییەکان بەو بیرۆکەیە ناراحەت دەبوون کە هەرێمەکانی بەریتانیا دەبێ پەرلەمانی هاوشێوەی ئەوەی سکۆتلەندیان پێ بدرێ، بەڵام بە خۆشییەوە هیچ کەس بە جددی پشتگیری ئەوە ناکات. سەرکردەکانی نەتەوە مێژووییەکانی ئیسپانیا دژکردەوەیان نیشانداوە بەرامبەر نۆرماڵ بوونی ڕوو لە زیادی فیدراڵیزمی ئیسپانی بە داواکردنی نانۆرماڵی دیکە، بە دانپێدانان بە نیشتمانی خۆیان وەکو "دەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆ"، بۆ نموونە لە حاڵەتی وڵاتی باسک دا.

ئۆتۆنۆمی ناهەرێمی لەوانەیە لە ئۆتۆنۆمی نۆرماڵی مەرکەزی کەمتر پەسەند بکرێ مەگەر کەمینەکان ئەوەندە بچووک یان پەرش و بڵاو بن کە بۆ ئەوان ئۆتۆنۆمی هەرێمی هەڵبژاردنێک نەبێ. نەتەوەی کەمینەکان بەگشتی بەدوای جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی

فراواندا دەگەڕێن کە بە حکومەتی هەرێمییەوە لکێنراوە. ئەوان هەروەها بەدوای مافی دیاریکردنی چارەنووسدا دەگەڕێن نەک تەنیا وەکو نەتەوە، بەڵکو وەکو نەتەوەی ناو "هەرێم"ی نەتەوەیی خۆیان (سەیری Me Garry and Moore بکە).

لایەنگرانی فیدرالیزمی نانۆرماڵ، بە سیاسەتمەدارانی نەتەوە کەمینەییەکان و ئەکادیمییەکانەوە، بەگشتی بەوە پاساوی بۆ دێننەوە کە ڕێگەیەکە بۆ پێشگیریکردن لە دابەش بوونی دەوڵەت، نەک ڕێگەیەک بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ دابەشبوون. پاساوەکەیان ئەوەیە کە دانپیانان لەناو دەوڵەتدا لەوانەیە وا بکات کە جیابوونەوە کەمتر سەرنج ڕاکێش بێ، چونکە دەسکەوتی کەمتر بەدەست دێنێ و، بە شێوەیەکی نادیار دەبێ قوربانی زیاتری بۆ بدرێ. ئەوان هەروەها دەڵێن نەتەوە کەمینەکان، کە کۆنترۆڵیان بەسەر هەرێمەکانی خۆیاندا هەیە، بە هیچ شێوەیەک ئەگەری ئەوەیان نییە کە ئازادییە مەدەنییەکان لەو دەوڵەتانە زیاتر پێشێل بکەن کە ئەوان بەشێکن لێی، و ئەوە کە دەتوانرێ هەنگاو بۆ پێشگیریکردن لەو پێشێلکاریيانە بنرێ (Keating 2001; Me Garry, Lymlicka 1995-2005; Moore 2001). هەروەها هەندێک دەڵێن کە ئەم کێشەیەی کە وادیاربوو شەوی بێ خەوی دابوو بە گلادستۆن - چ بکا لە حاڵەتی نانۆرماڵی کە تیایدا نوێنەرانی کەمینە لە ناو یاسادانەراندا هەبن- دەتوانرێ بە ڕێگەیەک هەڵسوکەتی لەگەڵ بکرێ کە بگونجێ لەگەڵ نۆرماڵەکانی یەکسانی و بەرپرسیاریەتی دێموکراتیک (بۆ بەرگری کردنەکان لە فیدرالیزمی نانۆرماڵ، سەیری Keating 2001; Kymlicka 1998; Moore 2001; Me Garry 2002. بکە).

### ٣- کەی فیدرالیزمی نانۆرماڵ جێبەجێ دەکرێ؟

پێدەچێ فیدرالیزمی نانۆرماڵ لەژێر هەندێک حاڵەتدا ئەگەری زیاتر بێ لەوانی دیکە. لێرەدا من بۆچوونە سەرەتاییەکانم لەوبارەیەوە باس دەکەم.

**I) دەستتێوەردانی دەرەکی:**

لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتان بەگشتی دژایەتی نانۆرماڵی دەکەن، نابێ سەرمان لە زانینی ئەوە بسوڕمێ کە نانۆرماڵی هەندێک جار لە ئەنجامی دەستتێوەردانی یاسایی، دیپلۆماسی و سەربازی دەرەکییەوە سەرهەڵدەدات. ئەم جۆرە دەستتێوەردانە دەکرێ هەندێک جار چەند لایەنە بێ، لە هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی پێک بێ، یان یەکلایەنە بێ، لە دەوڵەتە دراوسێکان پێک بێ. هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان جارجار هەرێمی ئۆتۆنۆمییان دامەزراندووە لە بارودۆخی چارەسەری هەرێمی دوای جەنگدا، لە بەرژەوەندی سەقامگیریی نێودەوڵەتیدا. دوای جەنگی یەکەمی جیهان، براوەکانی جەنگ بڕیاریان دا ژمارەیەک هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە چەند حاڵەتێکدا دابمەزرێنن. فنلەندا ئۆتۆنۆمی دا بە دورگەکانی ئالەند لە ساڵی ١٩٢٠ لە حاڵەتی گوێگرتنێکی کۆمەڵەی دەوڵەتان سەبارەت بەوە کە ئایا ئەو، یان سوید سەروەری بەسەر هەرێمەکەدا هەبێ. کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٢١ لە بەرژەوەندی فنلەندا بڕیاری دا بەڵام هەروەها پێی لەسەر گەرەنتی کەلتووری بۆ دانیشتوانی دورگەکان داگرت. هەرێمی ئەڵمانی زمانی مێمێل ساڵی ١٩٢٤ بەهۆی کۆمەڵەی دەوڵەتانەوە ئۆتۆنۆمی لە لیتوانیا وەرگرت. هەرێمە بچوکە روسێنێ نشینەکان لەناو چیکۆسلۆڤاکیا بەهەمان شێوە لە ساڵی ١٩١٩دا ئۆتۆنۆمیان پێدرا (Henders 524 :1997، هەروەها سەیری Claude 1955 بکە). دانزیگ لە ساڵی ١٩١٩دا ئۆتۆنۆمی وەرگرت. دوای جەنگی دووهەمی جیهانی، کۆنفرانسی ئاشتی فەرەنسا بڕیاری بەسەر ئیتاڵیادا دا بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە تیرۆلی باشوور و، ئەمە لە پەیمانی ئاشتی ئیتالیای ساڵی ١٩٤٦دا باس کرا.

مۆلداڤیا تەنیا دوای ئەوەی کە سوپای ١٤هەمی روسیا پاڵپشتی هەڵگەڕانەوەیەکی کەمینەی کردوو دوای ڕێککەوتنێکی دوولایەنەی نێوان سەرۆکی هەردوو وڵاتی روسیاو مۆلداڤیا دانی نا بە "بارودۆخی تایبەتی" ترانسنیستریا (TransNistria) لە تەمووزی

١٩٩٢ (Kolsto 2002: 209). مۆلداڤا هەر ئامادەبوو بە بەخشینی ئۆتۆنۆمیەکی تەواو بە ترانسنیستریا لە بەرامبەر دوبارە تێکەڵبوونەوەی لەگەڵ وڵاتی مۆلداڤیا، هەرچەندە بە مەزەندە، بەو هۆیە کە پاڵپشتیکردنی روسیا بۆ رژێمی ترانسنیستریا وا دەکا کە تێکەڵ بوونەوەی زۆرە ملێ جێگای بیرکردنەوە نەبێ. بەهەمان شێوە بریاری مۆلداڤا بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمی بۆ قەوقاز لە کانونی یەکەمی ١٩٩٤دا، پەیوەندی بە دەستتێوەردانی هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەتەوە هەبوو لە هەرێمەکەدا لە ئابی ١٩٩٠دا کاتێک قەوقاز رایگەیاند کە هەرێمەکەی کۆمارێکی سەربەخۆی جیایە لە مۆلداڤا بەڵام لە ناو یەکیەتی سۆڤیەتدا (Kolsto 2001: 208) ئامادەیی ئۆکرانیا بۆ بەخشین و پاراستنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کریمیا بەشێکی بە هۆی بوونی هێزی دەریایی دەریای رەشی روسیا لە کریمیا و بەشێکی دیکەی بە هۆی ئارەزووی رێگەگرتنی ترانسنیستریا لە نەوتەکەی هاندرا. بەخشینی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ بە هیندییەکانی کەناری ئاتلانتیک کاریگەریی لە یارمەتی سەربازی، سیاسی و لۆجستیکی ئەمریکاوە بۆ جەنگاوەرە هیندییەکانی هەرێمەکە وەرگرتبوو لە حاڵەتی ململانێی نێوان رژێمی ساندینیستا (Sandinista) و هەڵگەراوەکانی دژی ئەو رژێمە (Hannum 1996).

دەستتێوەردانی دەرەوەش بە هەمان شێوە گرنگ بووە لە دامەزراندنی هەندێ حاڵەتی ئەمری واقیعی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ، وەکو کۆسۆڤۆ، کوردستانی عێراق، ئابخازیا، ئۆسێتیای باشوورو ناگۆرنۆ قەرەباغ.

**II) هەڵگەڕانەوەی سەربازیی کەمینە:**

ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ لە هەندێ حاڵەتدا پەیوەندییەکی راستەوانەی هەیە لەگەڵ بەکارهێنانی سەرکەوتوانەی هێز لەلایەن کەمینەکانەوە. بریاری ساڵی ١٩٩٢ی پاپوا نیو گینیا بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمییەکی نانۆرماڵ بە بۆگەینڤیل لە ئەنجامی راپەڕینە یەک

لەدوای یەکەکانی بۆگەینڤیلیەکانەوە بوو، کە ئۆتۆنۆمییە نۆرماڵەکەی ساڵی ١٩٧٦یان ڕەتکردەوە. بڕیاری سودان بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە باشووری ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٧٢ بەدوای زنجیرەیەک ڕاپەڕینی سەربازیدا هات و بڕیاری ئەم کۆتاییانەی بۆ ستاندنەوەی ئەم ئۆتۆنۆمییە، نیشاندەری شکستی سەربازییە. بڕیاری فیلیپینیش بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە میندانائو بە هەمان شێوە لەدوای ڕاپەڕینێک بوو. کرواتیا ئامادە بوو ئۆتۆنۆمی هەرێمی ببەخشێ بە کەمینە سربیەکان لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ بەهۆی هەڵگەڕانەوەی سربەکانەوە بوو بە هاوکاری سوپای یوگسلاڤیا، بەڵام دوای سەرکەوتنەکانی لە مەیدانی شەڕدا ڕای خۆی گۆڕی. گور (Gurr) گەیشتە ئەو باوەڕەی کە تەنیا دوو کۆمەڵگەی ڕەسەنی ئەمریکای لاتین بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی یەکسان لەگەڵ بەرامبەرەکانیان لە ئەمریکای باکوور، دوای هەڵمەتێکی سەربازی ئۆتۆنۆمییەکەیان بەدەست هێنا (Gurr 1993: 205). (١٠) لە بەریتانیادا هەڵمەتێکی سەربازی، IRA یەکێک لەو فاکتەرانە بوو کە بووە هۆی ڕێکخستنی نانۆرماڵ لە ڕێککەوتنی هەینی خۆش (Good Friday Agreement) لە ساڵی ١٩٩٨دا. لە چەند حاڵەتی دیکەدا بە حاڵەتی سریلانکاو ئەندەنوسیاشەوە (ئاسێ و ئیریان جایا)، دانوستاندنەکان سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ دوابەدوای توندوتیژییەوە هاتوون.

تەجرەبەی ڕوسیا لە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ لە سەرەتاکانی نەوەتەکاندا بەدوای لاوازی سەربازیدا نەبوون، بەڵکو بەدوای لاوازی گشتی دابوون کە دەوڵەت لەهەوڵی مامەڵەکردندا بوو لەگەڵ گواستنەوەیەکی خێرا لە تۆتالیتاریانیزمەوە بۆ دیموکراسی، لە کۆمۆنیزمەوە بۆ ئابووری بازاڕ، و لە نیمچە فیدراسیۆنێکەوە بۆ فیدراسیۆنێکی ڕاستەقینە.

**III) دیموکراسییەکان:**

هەندێک دەوڵەت ئامادەی چەسپاندن یان فراوانکردنی ڕێکخستنی نانۆرماڵ بوون لە

بارودۆخی وەهادا کە ناتوانرێ بە پلەی یەکەم یان بە تایبەتی لە ڕێگەی دەستتێوەردانی دەرەکی یان هەڵگەڕانەوەی کەمینەوە لێی بکۆڵرێتەوە. هەندێ دیموکراسی ڕۆژئاوا بەم دواییانە ڕێکخستنی نانۆرماڵیان پەسەند کردووە وەکو بەریتانیا (سکۆتلەندا، وێلز، ئیرلەندای باکوور): دانیمارک (گرینلاند): ئیتاڵیا (تایرۆلی باشوور، فریولیا ڤێنێڤیا گیولیا ڤەیل داوۆستا)، ئیسپانیا (ڕێکخستنە ئۆتۆنۆمییەکانی دوای ١٩٧٨ لە کەتەلۆنیا، وڵاتی باسک، و گالیسیا)، و تەنانەت فەرەنسا (کۆرسیکا) تەنانەت ئەگەر لە شێوەی لاوازکراویشیدا بێ. بەگشتی بۆ دیموکراسیەکان گرانترە پێشگیری داواکاری دیموکراسیانە بۆ ئۆتۆنۆمی بکەن. دیموکراسیەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بەهەمان شێوە لە حاڵەتێکدا بوونیان هەیە کە نیگەرانییەکانی سەبارەت بە ئیرێدێنتیزم و جیابوونەوە و، دواتریش نیگەرانیەکانی سەبارەت بە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ وەکو شوێنەکانی دیکە بەرجەستەو بەرچاو نییە، و تەنانەت ئێستا وەکو رابردووش بەرجەستەو بەرچاو نییە.(١١) یەکیەتی ئەوروپا دژایەتی ئیرێدێنتیزم دەکات و هەندێک لە ڕێککەوتنە ئۆتۆنۆمییەکانی ئەوێ (ئیرلەندای باکوور و تایرۆلی باشوور) بەدوای، یان لەگەڵ ڕێککەوتنی نێوان ویلایەتەکان لەسەر سنووری ویلایەتەکان ئیمزاکراون. دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا کەم یا زۆر دامەزران: لە ساڵی ١٩٢١ەوە هیچ حاڵەتی پاشگەزبوونەوە نەبووە.

ئەم سیفەتە باشانە لە شوێنەکانی دیکەدا بەم شێوەیە ڕوون و بەرچاو نین. لەکاتێکدا کە دوو چاودێری ئەکادیمی فیدراڵیزمی نانۆرماڵ پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە "گواستنەوە لە حوکمێکی ئۆتۆریتاری" کاتی زێڕینە بۆ دامەزراندنی فیدراڵیزمی نانۆرماڵ(Ghai 2001; Henders 1997: 529-31)، ژمارەیەکی زۆر کەم لە دەوڵەتانی پاش ئۆتۆریتاری ئەوروپای ڕۆژهەڵات، یان ژمارەیەکی زۆر کەمی دەوڵەتانی پاش ئیستیعمار، ئامادەی وەرگرتنی فیدراڵیزمی نانۆرماڵ بوون. بەڵکو ئەوان زیاتر ویستوویانە کە لە فۆرمدا نەتەوەییانە یان مەرکەزیانە بن (Brubaker 1995). حەز

نەکــردنیــان بۆ پەســەندکــردنی ئۆتۆنۆمی نانۆرمــاڵ لە تەجــرەبەی تازەی هەرێمــە دراوسـێکانیـانەوە سـەریهـەڵدا، کـە زۆربەیان ئۆتۆنۆمـیـەکـەیان لەناو یوگـسـلاڤـیـا، چیکۆسلۆڤاکیا، و یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوودا بەکارهێنا بە دابەش کردنی ئەو دەوڵەتانە. بەو هۆیە کە بەم دواییانە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوە، ئەوان دەیانەوێ پارێزگاری لە یەکیەتی خاکەکەیان بکەن. ئەوان لە هەرێمێکدا دەژین کە تا ئێستاش ئیررێدێنتیزم هەر باوە، کە تیایدا دەوڵەتان ناتوانن هاندەری ماددیی بۆ یەکیەتی دەوڵەت دابین بکەن. تەنانەت فراوانکردنی ئۆتۆنۆمی کریمیاش لە لایەن ئۆکرانیاوە دەکەوێتە خانەی شێوازی گشتی ئەورووپای رۆژهەڵاتەوە. ئەمە لە شوباتی ١٩٩١ روویدا، چەند مانگێک پێش رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت. ئەوکات ئەمە وەکو دواتر ئاشکرا نەبوو کە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکان توانیان لە دەوڵەتەکانیان جیا ببنەوە. هەروەکو بینیمان ئۆتۆنۆمی کریمیا بەشێکی بەهۆی گوشاری روسیاوە بوو. ئەمە لەلایەن جاسووسێکی کۆمۆنیستی، کراڤچوک (Kravchuk)ەوە ئەنجام درا، کە پێدەچوو پێی وابێ کە بە دروستکردنی ASSRێکی کریمیایی، رێگە بە دروستکردنی ئۆتۆنۆمییەکی کارتۆنی تەقلیدی وەکو ئەوەی یەکیەتی سۆڤیەت دەدات، ئۆتۆنۆمییەک کە زۆر بە ئاسانی لەلایەن کاڤاچوک و هاورێیانیەوە کۆنترۆڵ بکرێ[١٢] ساڵی ١٩٩٤ بوو کە کییڤ (Kyiv) بۆی دەرکەوت کە گرنگی ئۆتۆنۆمی کریمیای بە هەند وەرنەگرتبوو، پاشان کەوتە هەوڵی ستاندنەوەی ئۆتۆنۆمییەکە. بەهەمان شێوە لە بواری دیکەشەوە ئۆکرانیا کەمتر وەکو حاڵەتێکی بێ وێنە دێتە پێش چاو لەوەی کە لە یەکەم سەیرکردنەوە دەبینرا. بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کریمیا بێ وێنە بوو. ئۆکرانیا بە شێوەیەکی وەکو شێوازی تەقلیدی ئەورووپای رۆژهەڵات کاردانەوەی لەخۆی نیشاندا بەرامبەر داواکارییەکان بۆ فیدراسیۆن یان ئۆتۆنۆمی لە لایەن گروپەکانی دیکەوە بە روسێنیەکان و هەنگارییەکانی رۆژئاوا و رووسیەکانی رۆژهەڵاتی ئۆکۆرانیاشەوە.

بەهەرحاڵ ئەم جیاوازییەی نێوان دێموکراسییە جێگیرەکەی رۆژئاوای ئەوروپاو ناجێگیرەکەی شوێنەکانی تر تا رادەیەکی کەم شتمان بۆ ئاشکرا دەکات. هەموو دێموکراسییەکانی رۆژئاوا بە یەکسانی نەرم نەبوون سەبارەت بە بەخشینی فیدرالیزم. بەریتانیا لە هەموو دەوڵەتێکی دیکە زیاتر رۆیشتووە، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئیرلەندای باکوور، کە رێگەی پێدراوە پەیوەندی دامەزراوەیی هەبێ لەگەڵ کۆماری ئیرلەندی و، هەروەها لەگەڵ مافی جیابوونەوە. بە پێچەوانەوە، فەرەنسا کەم تا کورتێک توند بووە، لەکاتێکدا ئیسپانیا دوولایەن بووە، لە سەرەتای رووخانی فرانکۆدا لایەنگری نانۆرماڵی بووە، بەڵام دواتر ئەم هەستەی کەم بووەتەوە. کەنەدا هەرچەندە فیدراسیۆنێکی زۆر لامەرکەزی بووە، زیاتر لە دێموکراسیەکانی ئەوروپای رۆژئاوا بۆی قورس بووە کە رێکخستنی وا دابمەزرێنێ (بۆ کیوبیک) کە بە شێوەیەکی فەرمی نانۆرماڵ بن. لەگەڵ ئەمەشدا لە دێموکراسیەکانی رۆژئاوادا، دەوڵەتان ئامادە بوون نانۆرماڵی ببەخشن بە هەندێک هەرێم و نەیبەخشن بە هەندێکی تر، یان نانۆرماڵی زۆر فراوانتر بۆ هەندێک هەرێم لە هەندێک هەرێمی تر. ئەم جیاوازییە بەچی شیدەکرێتەوە؟

**ئەم سیفەتانەی خوارەوە پێدەچێ جێگای سەرنج بن:**

* لەوانەیە دەوڵەتان بە هەندێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان زیاتر پابەند بن لە هەندێکی تر. ئەگەر دانیشتوانی هەرێمێک وەکو نەتەوەی دەوڵەتەکە سەیر نەکرێن، وا دەبینرێ کە ئەگەری بەخشینی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ پێیان زیاتربێ. ئەمە دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی رێکخستنە ئۆتۆنۆمییەکانی ئیرلەندای باکوور رادیکاڵترن لە هی هەرکام لە سکۆتلەنداو وێلز، و تەنانەت بۆچی ئەو حکومەتە پارێزگارەی بەریتانیا کە ئامادە نەبوو ئۆتۆنۆمی بداتە سکۆتلەندو وێلز، ئۆتۆنۆمی بە ئیرلەندای باکوور بەخشی (McGarry, forthcoming) ئەمە وەڵامی ئەوەش دەداتەوە کە بۆچی ئەمریکا

ئامادەبوو ئۆتۆنۆمی بداتە پویتـرۆ ریکۆ بەڵام بۆ پەنجـا ویلایەتەکەی دیکەی ئامادەنەبوو. بەهەمان شێوە لەوانەیە وەڵامی ئەوەش بداتەوە کە بۆچی فەرنساو ئیسپانیا بەرامبەر بە فیدراڵی نانۆرماڵ ئاوها توند بوون: هیچیان "ئیرلەندای باکوور"ێکیان نیە، هەرێمێکی دەوڵەتەکە کە چیتر خەڵک بە ئەندامی نەتەوەی خۆیان نەدەزانی.

* هەندێک دەوڵەت کـەلـتـووری چارەسـەری فـرەنەتەوەییـان هەیە کـە بۆ ئۆتۆنۆمی نانۆرمـاڵ عـەمـەلـیـیـە. هەروەکو ژمـارەیەک چاودێری ئەکـادیمی پێش ١٩٩٨ هەسـتـیـان پێکردووە، بەریتـانیـا زیاتر "دەوڵەتێکی یەکگرتوو" بوو نەک "دەوڵەتێکی یەکـپـارچە" (Rokhan and Urwink 1982) وێـسـتـمـینیـسـتـەر بە تایبەتی هەندێ مافی دا بە سکۆتلەندییەکان و، خەڵکێکی زۆر کەم لە بەریتانیا کێشەیان لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە هەبوو کە بەریتانیا دەوڵەتێکی فرەنەتەوەییە کە لە چوار نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە. هەروەها پێشـینەیەک هەبوو بۆ رێکخسـتنە نانۆرماڵەکانی دوای ١٩٩٨ی حکومـەتی ئیرلەندا. ئیـسـپانیـا برێکی کـەمی ئەمەی هەبوو لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئۆتۆنۆمی باسک و کـاتالۆنیـا لە مـاوەی کـۆمـاردا. لە کـاتێکدا فـەرەنسـا لەگـەڵ نەریتـەکـانی جـاکـۆبین (Jacobin)ی پاک، پێشـینەیەکی زۆر کـەمی هەبوو. لە کـاتێکدا کەنەدا پێکهـاتەیەکی توندی دوو خـەڵـک بوو لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەمـدا، دامـەزراندنی ١٠ پارێزگـا و کۆچی بەکـۆمەڵ، ئەو بیرۆکـەیەی لەناوبرد و ئێسـتـاش ئەمە تەنیا لە کەنەدای فـەرەنسی زمـاندا باوە. پەسـەندکـردنی نانۆرمـاڵیـەت لەو شـوێنانە ئاسـانـترە کـە نەریتی مەوجودی فرەنەتەوایەتیان تێدایە.

* جـێبـەجـێکردنی نانۆرمـاڵیـەت کـاتێک ئاسـانتـرە کـە تەنیـا ژمـارەیەکی کـەمی دانیـشـتـوانی دەوڵەتەکە بگرێتەوە. بۆچی؟ تا ژمارەی دانشـتـوان کەمـتر بێ، بوار کەمـتر دەبێ بۆ مـەسـەلەی "لۆسـیـانی رۆژئاوایی" کـە دەبێـتـە هۆی بێـزاری لەو ناوچانەدا کـە ئۆتۆنۆمیان نیـە (هەروەها لەوانەیە بواری جیابوونەوەش کەمتر بێ). بەریتانیا توانیویەتی

ڕێکخستنی نانۆرماڵ لە ئیرلەندای باکوورو سکۆتلەندا دروست بکات، کە بەیەکەوە نزیکەی ١٠٪ی دانیشتوانی بەریتانیا پێکدێنن، بەڵام کەنەدا کێشەی زیاتر هەبووە لە دروستکردنی بارودۆخی نانۆرماڵی ڕەسمی بۆ کیوبیک کە ٢٥٪ی دانیشتوانی کەنەدای پێکدێنا. تا ژمارەی دانیشتوانی ئەو هەرێمەی کە لە دەوڵەتێکی یەکپارچەدا داوای ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ دەکات زیاتر بێ، حاڵەتی فیدراسیۆنی نانۆرماڵ گەورەتر دەبێ.

* شوێنی هەرێمەکەش دەکرێ کاریگەری هەبێ. بەخشینی نانۆرماڵی بەو هەرێمانەی کە لەرووی جوگرافییەوە لە ناوەندەوە دوورن ئاسانترە، لەبەر ئەوە کە لەو حاڵەتەدا ئاسانترە کە پاساوی ئەوەی بۆ بێنیتەوە کە ئەمە حاڵەتێکی تاکە نەک ڕێکخستنێکی پێشوەخت. ئەمە یارمەتی شیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی ئالەند دەدا، بۆچی بەریتانیای گەورە ئامادەیی زیاتر بوو کە لە حاڵەتی ئیرلەندا زیاتر بچێتە پێش تا حاڵەتی بەریتانیا، بۆچی فەرەنسا ئامادەبوو ئۆتۆنۆمی بدا بە کۆرسیکا نەک بە هیچ شوێنێکی دیکە. نمونەی دیکە هەیە وەکو دانیمارک و گرینلاند و، پەیوەندی نێوان پورتوگال و ئازۆرس (Azores) (Elazar 1987:35-36). لە ئۆکرانیا، ئەو راستیە کە ئۆکرانیا بەرزەخێکە لەوانەیە یارمەتی ئەم حاڵەتەی دابێت. ئەم فاکتەرە پەیوەندی بەوەی یەکەمەوە هەیە: جیابوونەوەی جوگرافیی هەرێمێک ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی کە دانیشتوانەکەی وەکو سەر بە نەتەوەی سەرەکی دەوڵەتەکە سەیر نەکرێن (بۆ نمونە پوێرتۆ ریکۆ). ئەم حاڵەتە بەسەر کۆمەڵە دورگەکاندا ناچەسپێ، وەکو ئەندەنوسیاو فیلیپین. ئەم بیرۆکەیە نیشاندەری ئەوەیە کە لەوانەیە زۆر زەحمەتتربێ بۆ دروستکردنی ڕێکخستنی نانۆرماڵ لە نێوان دورگەی زۆر بچوک بچوکدا وەکو سریلانکا.

* کاتێک کە پلەی جیاوازی نانۆرماڵیەت دروست دەکرێن، ئەمە لەوانەیە وەڵامێکی ڕاستەوانەبێ بۆ داواکارییە جیاکەرەوەکان. لە بەریتانیادا، کە تیایدا سکۆتلەنداو وێلزو ئیرلەندای باکوور هەرکامیان پلەی جیاوازی ئۆتۆنۆمیان وەرگرت، ئەمە بەشێوەیەکی

سەرەکی وەلامی داواکارییە بنەڕەتییەکان بوو.

* بەشێوەیەکی پەیوەندیدار، هەرچەندە هەرێمێک یەکشێوەتربێ، ئۆتۆنۆمییەکەی بێ کێشەتر دەبێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر لە هەرێمەکەدا کەمینەی بەرچاو هەبن و، بەتایبەتی ئەگەر ئەوان سەر بە کۆمەڵگەی نەتەوەیی باوی دەوڵەتەکە بن، ئەمە ڕێگر دروست دەکات لەبەردەم ئۆتۆنۆمی (یان سەربەخۆیی). بۆ کەنەدا ئاسانتر دەبوو کە ئۆتۆنۆمی بدات بە کیوبیک لە کۆتاییەکانی هەشتاکاندا ئەگەر کەنەدای ئینگلیز زمان لە کاریگەری ئەمە لەسەر مافەکانی کەمینە نافرانکۆفۆنیەکان (non- francophone) نەترسابوایە. کەمینە پرۆتستانەکانی ئیرلەندا ڕۆلێکی بەرچاویان گێڕا لە پێشگرتن لە چەسپاندنی " -Home Rule" بۆ ئیرلەندا لە نێوان ١٨٨٦ تا ١٩٢١ و، بوونی کەمینەی تارادەیەک گەورەی دانیشتوانە یەهودییەکان لە کەناری ڕۆژئاوا غەزە ڕێگربوو لەبەردەم هەرکام لە ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی واتادار بۆ فەلەستینیەکان. بەهەمان شێوە نیشتەجێبونی مەسیحیە فیلیپینیەکان لە منداناو، چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لەو هەرێمە زۆر گرانتر کرد.

* دەوڵەتە یەکپارچەییەکان لایان ئاسانترە کە ڕێکخستنی نانۆرماڵی ڕەسمی دروست بکەن لە هەرکام لە فیدراسیۆنی نۆرماڵی مەوجودو فیدراسیۆنی "پێکەوە سەرهەڵداو" (Stepan 1999). ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتە یەکپارچەکان حکومەتی هەرێمییان نیە کە دەنگی دەستووریان هەبێ و ئەوانەی کە لەوانەیە نانۆرماڵیەت وەکو سەپاندنی بارودۆخی پلە دوو لەسەریان سەیر بکەن. ئەمە وەلامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆچی بەریتانی، فەرنسا، ئیتالیا و، ئیسپانیا، کە هەموویان دەوڵەتی یەکپارچەن، توانیویانە ڕێکخستنی ڕەسمی نانۆرماڵ بچەسپێنن بەلام کەنەدا نەیتوانیوە. لە کەندا، پەیمانەکانی میچ لەیک (The Mecch Lake) و چارلۆتتاون ئاکۆردس (-Charlottetown Ac cords)، کە لە هەوڵی ئەوەدابوون کیوبیک بکەنە "کۆمەڵگایەکی جیاواز"، دەبوونە یاسای دەستووری ئەگەر پالپشتی پەرلەمانی فیدراڵ یان پەرلەمانی کیوبیکیان

ویستبایە. هەردوو ڕێککەوتنەکە پێویستیان بە پەسەندی هەموو پارێزگاکان هەبوو، هەر ئەمەش بوو کە بووە هۆی لەناوچوونیان.

* دەوڵەتێکی یەکپارچە لەوانەیە لەبەر هۆیەکی دیکە چەسپاندنی نانۆرماڵیەتی ڕەسمی بەلاوە ئاسانتر بێ. لە دەوڵەتە یەکپارچەکاندا، ئەو هێزەی دەگوازرێتەوە ئەو هێزەیە کە دەمێنێتەوە. لەوانەیە بەرگرییەکی کەمتر هەبێ بۆ گواستنەوەی نانۆرماڵ کاتێک کە تەجرەبەکە بتوانرێ پێچەوانە بکرێتەوە، یان هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە، بە کردەوەی دولایەنەی حکومەتێکی مەرکەزی.

### ٤- هەڵسەنگاندنی ڕەخنەو گازاندەکان سەبارەت بە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ

ئایا نانۆرماڵیەت ڕێگە بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەت خۆشدەکات؟

ڕاستییەکان نیشاندەری ئەوەن کە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ ڕێگە بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەت خۆش ناکات. لە ڕاستیدا لە ناو ئەو هەرێمانەی کە لە سەدەی بیستەمدا ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵیان هەبووە کە لە خشتەی ژمارە یەکدا نووسراون، تەنیا نەرویج ئێستا سەربەخۆیە. ئەریتیریاش، کە لە خشتەکەدا ناوی هاتووە، سەربەخۆیە، بەڵام نزیکەی ٣٠ ساڵ دوای کۆتایی هاتنی ڕژێمە ئۆتۆنۆمییەکەی سەربەخۆیی وەرگرتووە. بەشێوەیەکی تەکنیکی، ئیرلەندا لە ساڵی ١٩٩٠پێش جیابوونەوەی لە ساڵی ١٩٢١دا ئۆتۆنۆمی پێ بەخشرا، بەڵام بەخشینەکە زۆر درەنگ بوو، لە ناوەڕاستی جەنگی سەربەخۆییدا، دامەزراوەکانی هەرگیز بنیات نەنران. لەڕاستیدا هەموو ئەو هەرێمانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە دەوڵەتەکانیان جیابوونەوە یان فیدراسیۆنی نۆرماڵ بوون (بۆ نمونە یەکیەتی سۆڤیەت، یۆگسلاڤیا، و چیکۆسلۆڤاکیا) یان دەوڵەتی یەکپارچە بوون (بەریتانیا، ئەندەنوسیا، ئەتیوپیا). کاتێک کە فیدراسیۆنە کۆمۆنیستەکان، دیکتاتۆرییەتی مەرکەزی

بوون، مـاوەیەکی کـورت پێش دابەش بوون، دروسـتـتـرە بڵـێین زۆربەی ئەو وڵاتانەی لێکهەڵوەشان بە شێوەیەک لە شێوەکان مەرکەزی بوون. هۆیەکی گرنگی دابەشبوونی فیدراسیۆنە کۆمۆنیستیەکان ئەوە بوو کە ئەوان جیاوازیی قووڵیان لە نێواندا هەبوو: یەکیەتی سۆڤیەت زۆرینەیەکی رەهای رووسی بوو (٥١ ٪)، لە کاتێکدا یۆگسلاڤیا بە هیچ شێوەیەک زۆرینەی نەتەوەیی نەبوو. جیاوازییەکان بوونە هۆی دابەش بوونی یەک بەدوای یەک، کە هیچ گروپێک نەیدەتوانی یاخود نەیدەویست پێشگیری لە جیابوونەوە بکات و، یان نەیدەتوانی دەوڵەتەکانی دیکە بێنێتە سەر ئەو باوەڕە بێ دانان بە هەرێمە جیابووەکان. لە لایەکی دیکەوە، حاڵەتەکانی فیدراڵیزمی نانۆرماڵ بە شێوەیەکی ئاسایی جیاوازی زۆریان نیە. ئەوان بەگشتی ئۆتۆنۆمی کەمینەی تارادەیەک بچووک دەگرنەوە لەناو دەوڵەتی وادا کە تیایدا جگە لەوان بەشەکانی دیکەی یەکپارچەیە، یان بارودۆخێکی تایبەتی بۆ هەرێمێکی کەمینە لە فیدراسیۆنێکدا، کە تیایدا زۆرینەی هەرێمەکان و زۆرینەی دانیشتوان سەربە نەتەوەی باون. لەم حاڵەتانەدا، ئەگەری زۆر کەم هەیە کەمینەیەک، تەنانەت ئەگەر بشیەوێ جیابێتەوە، پێیوابێ دەمێنێتەوە، ئەگەری زۆر زیاتر هەیە کە دەوڵەتێکی گەورە دەبێ کە پێشگیری لە جیابوونەوە بکات و، لە دەوروبەریدا دەوڵەتانی دیکە، کە سوورن لەسەر پاراستنی بنەمای یەکپارچەیی ناوچەیی، دەتوانن ململانێ بکەن.

من لە پەراگرافی سەرەوەدا وام داناوە کە بەم حاڵەش هەرێمە ئۆتۆنۆمییە نانۆرماڵەکان لەوانەیە بیانەوێ جیابنەوە و، ئەمە ناتوانرێ لە یاسا لابـبـردرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، رادەیەکی زۆری راستیی پێچەوانەش هەیە کە پێداگرتن لەسەر نۆرماڵیەت لە دەوڵەتە یەکپارچەکان یان فیدراسیۆنەکاندا یارمەتی بیری جیابوونەوە دەدات. ئەو ریفراندۆمەی کە لە ساڵی ١٩٩٥دا نزیک بوو کەنەدا بگەیەنێتە لەتبوون لە ئەنجامی دوورودرێژی ئەو

زنجیرە بەڵێننانە نەبوو بۆ ئۆتۆنۆمی کە بە کیوبیک درابوو، بەڵکو پەیوەندی بە هەوڵەکانی ناسیۆنالیستە کەنەدییەکانەوە هەبوو بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆیان بەسەر کیوبیکدا لە سەرەتای هەشتاکاندا و، دوابەدوای ئەمەش، بەرەتکردنەوەی پەسەندکردنی داواکارییەکانی فیدراڵیستە کیوبیکییەکان بۆ نانۆرماڵیەت لە لایەن کەنەدای ئینگلیز زمانەوە لە ماوەی نێوان سالآنی ١٩٨٧-١٩٩٢دا. سەرنەکەوتن بۆ پەسەندکردنی داواکارییە نێردراوەکان بە شێوەیەکی بێ وێنە هانی جیاخوازی دا لە راپرسییەکاندا و، رێگەی دا بە جیاخوازە کیوبیکییەکان کە پێیان وایە تەنیا رێگە بۆ گەیشتن بە یەکسانی نێوان نەتەوەکان کۆنفیدراڵی یان بەیەکەوەژیانی سەروەرییە. لە بەریتانیادا سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی جیاخوازی رادیکاڵ لە ئیرلەندادا، شین فین (Sinn Fein)، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە توندی بەسترابووەوە بە سەرنەکەوتنی حکومەتی بەریتانیا بۆ جێبەجێکردنی Home Rule لە ئیرلەندا لە نێوان سالآنی ١٨٨٦ و ١٩٢١. پاڵپشتی بۆ ناسیۆنالیزمی سکۆتلەندی و، سەربەخۆیی سکۆتلەند، لە ماوەی نێوان ١٩٧٩-١٩٩٧دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، کاتێک بوو کە پارێزگارەکان بە تێڕوانینێکی یەکپارچەیی بۆ بەریتانیای گەورە لە حکومەتدابوون. ژمارەیەکی زۆر کەم لە چاودێران گومانیان لەوە هەیە کە هەڵبژاردنی حکومەتێکی پارێزگاری دیکە بەهەمان بۆچوونەوە لە ساڵی ١٩٩٧دا، دەیتوانی کێشەی جددی دروست بکات بۆ یەکیەتی بەریتانیا. لەکاتێکدا کە ماوەی دوای گواستنەوە کورت بوو، هیچ بەڵگەیەک نیە بۆ سەلماندنی ئەوە کە پاڵپشتی بۆ هەڵبژاردنی جیاخوازی لە سکۆتلەندا زیاد کردووە. لە ئیرلەندای باکوور، هەڵمەتێکی کۆماری توند بۆ پساندنی پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیا تەنیا بە رێککەوتنی قووڵی نانۆرماڵیەتی "هەینی خۆش" (Good Friday) ساڵی ١٩٩٨ کۆتایی پێهات. لە ئەنجامی ئەم رێککەوتنەدا، کە مافەکانی خەڵکی ئیرلەندای بەرەو مافی دیاریکردنی

چارەنووس بەرز کردەوە، کۆماریخوازەکان رازی بوون لەسەر ئەوەی کە ئیرلەندای باشوور وەک بەشێک لە بەریتانیای گەورە بمێنێتەوە، چونکە زۆرینەی خەڵک وای دەخواست. تەنیا کەمینەیەکی کەمی یەکیەتیخوازەکان پێیان وایە کە بەریتانیایەکی نۆرماڵ دەتوانێ ئاڵتێرناتیڤێکی وا بێ بۆ ئیرلەندای باکوور کە بمێنێتەوە. لە عێراقدا، هەروەکو لە شوێنی دیکەشدا باسم کردووە، پێداگرتنی عەرەب لەسەر فیدراسیۆنێکی نۆرماڵ کە دان بە نەتەوەبوونی کوردو یەکیەتی خاکی کوردستان دانانێ، بەدڵنیاییەوە کورد هاندەدات بۆ جیابوونەوە. (McGarry 2005)

بەهەمان شێوە، ژمارەیەکی زۆری واقعیەکانی جیابوونەوە و (توندوتیژی) کە لە بەرەبەیانی رووخانی فیدراسیۆنە کۆمۆنیستیەکانەوە روویاندا -لە ئەخبازیا، ئۆسێتیای باشوور، ناگۆرنۆ قەرەباغ، ترانسنیستریا و کۆسۆڤۆ- لە ئەنجامی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ روویان نەدا، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم هەرێمانە بەشێک بوون لێیان بارودۆخە ئۆتۆنۆمییەکانیان پێچەوانەکردەوە، یان هەوڵیان دا بۆ دووبارە رێکخستنەوەی دەوڵەت لەسەر شێوەی گروپە باوەکەی.(١٣) جیابوونەوەی بە هەقی نەرویج بەدوای "هەوڵە جۆراوجۆرەکانی سوید بۆ توندکردنەوەی دەسەڵاتیان بەسەر نەرویج"دا هات.(١٤) ئەو راستییەی کە لە هەموو ئەم حاڵەتانەوە دەردەکەوێ ئەوە نیشان دەدات کە پەسەند نەکردنی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ لەحاڵەتی داواکردنی لەلایەن کەمینەوە ریسکێکی گەورەیە، دووبارە مەرکەزیکردنەوەی یەکلایەنە بەتایبەتی، خەتەرێکی گەورەیە.

بەو حاڵەش، ئەوانەی کە سەبارەت بە کاریگەریە پێچەوانەکانی فیدراڵیزمی نانۆرماڵ نیگەرانن پرسیارێکی عەقلانی بەرزدەکەنەوە: ئەگەر پێویست بێ دەوڵەت لەسەر بنەمای فرەنەتەوەیی دابمەزرێ نەک بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی، چ شتێک هەیە کە بەشە

جیاوازەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە؟ چ شتێک هەیە بۆ بنیاتنانی ئەوەی کە لینز (Linz) ناوی لێناوە (Bundestreue) وەڵامێک ئەوەیە کە ویل کیملیکا (Will Kymlicka) دەیداتەوە: ئەوە داننانە بە جیاوازییەکان کە کۆمەڵگا نەتەوایەتییەکان ئامادە دەکا بۆ لەباوەش گرتنی ناسنامەیەکی گشتی "هاوهێلانە" لەگەڵ ئەوانی تردا. وەڵامی دووەم ئەوەیە کە دەوڵەتە فرەنەتەوەکان نابێ بەهیچ شێوەیەک تەنیا گرنگی بە ئۆتۆنۆمی کەمینەکان بدەن، وەکو هەندێک لە لایەنگرانی فیدرالیزمی فرەنەتەوەیی پێشنیاری دەکەن (Hanf 1991)، بەڵکو بەهەمان شێوە، بە تایبەتی کاتێک کە ئەو کەمینانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ تارادەیەک گەورە بن، دەبێ گرنگی بە بنیاتنانی دامەزراوە تەوحیدیە هەمەگیرەکانیش بدەن لەسەر ئاستی حکومەتی مەرکەزی (Lijphart 1977) ئەم جۆرە دامەزراوانە پشک دەدەن بە کەمینەکان لە دەوڵەتدا و، یارمەتی دڵنیابوون دەدەن لەوە کە دەوڵەت لەبەرژەوەندی کەمینەدا دەجوولێتەوە. ئەمە بە تایبەتی شایانی باس کردنە لە حاڵەتی فیدرالیزمی نانۆرماڵدا، تێروانینێکی گشتی هەیە، کە لە خوارەوە باسی دەکەین، کە فراوانکردنەوەی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵ دەبێ ببەسترێتەوە بە کەمبوونەوەی رۆڵی کەمینە لە دامەزراوە مەرکەزییەکانی دەوڵەتدا. خەڵکانی دیکە رێگەی ئالتێرناتیڤیان بۆ بەستنەوەی کەمینەکان بە مەرکەزەوە پشنیار کردووە (پێشنیارەکانی هۆرۆویتز (Horowitz) بۆ کۆکردنەوەی دەنگ: پێشنیارەکانی ستیفان (Stephan) و لیتز (Litz) بۆ حیزبە وتووێژکەرەکان لە سەرتاسەری دەوڵەتدا: پێشنیاری ئەوە کە داوا لە حیزبەکان بکرێ کە لە سەرتاسەری دەوڵەتدا رێکخستن ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم پێشنیارانە بۆ بەشدارکردن، بە پێچەوانەی تەوحید، مەبەستیان لە پشتگوێخستنی ئەو حیزبانەیە کە سەر بە نەتەوە کەمینەکانن و، بەرای من، لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا بەکارنایەن.

**ئایا فیدرالّیزمی نانۆرمالّ هانی ناجێگیری دەدات؟**

ئەو مشتومڕەی کە لەلایەن رەخنەگرانی فیدرالّیزمی نانۆرمالّەوە دروست بوو، واتە ئەوەی کە ئەم فیدرالّیزمە یارمەتی دابەشبوون دەدات، زۆر بە ئاسانی رەخنەی لێدەگیرێ. بەهەر حالّ زۆر گرانە هەرێمێک بتوانێ جیابێتەوە و، لەراستیدا مەحالّیشە ئەگەر نەتەوەی باوی دەولّەتەکە سووربێ لەسەر دژایەتیکردنی (McGarry 2004). رەخنەگران بنەمای باشتریان هەیە کاتێک کە دەلّێن فیدرالّیزمی نانۆرمالّ دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی ناجێگیری و نائارامی و بەکارنایەت. چاوپێداخشاندنێک بە خشتەی ژمارە (١) نیشان دەدات کە هەندێک حالّەت ماوەیەکی درێژ نەمانەوە، وەکو مێمێل (١٩٢٤-٣٩)، دانزیگ (١٩١٩-٣٩)، باشووری سودان (١٩٧٢-٨٣)، ئەریتیریا (١٩٥٢-٦٢)، ڤۆیڤۆدینا و کۆسۆڤۆ (١٩xx- ٨٩) و کوردستانی عیراق (١٩٧٢-٧٥). لەگەلّ ئەوەشدا کە ئیرلەندای باکوور بۆ ماوەی زیاتر لە ٥٠ سالّ بە نەگۆڕی وەکو هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی نانۆرمالّ مایەوە (١٩٢١-٧٢) بەلاّم لەو ماوەیەدا زۆر بەدەگمەن جێگیری بەخۆیەوە بینیوە و، ئەگەر ماوەیەکی کورتیش جێگیر بووبێ ئەوە لە ئەنجامی گوشارەوە بووە نەک هاوکاری (O'Leary and Megarry 1996; 107-80) تاقیکردنەوەی دووهەمی گواستنەوە لە سالّی ١٩٧٤ تەنیا پێنج مانگ درێژەی کێشا. لە حالّەتی دیکەدا، وەکو ولاّتی باسک، دامەزراوە نانۆرمالّەکان بە دەستتێوەرنەدراوی ماونەتەوە، بەلاّم لە لایەن کەمینەیەکی توندوتیژی رادیکالّەکانی باسکەوە رەتدەکرێنەوە. ئەم راستییە چ نیشان دەدات سەبارەت بە جێگیری و توانای مانەوەی فیدرالّیزمی نانۆرمالّ؟

لێکۆلّینەوەیەکی وردتر لە حالّەتە شکست خواردووەکانی خشتەی ژمارە ١ نیشان دەدات کە دوو دانەیان، مێمێل و دانزیگ، بە هۆی وا وەستێنران کە هیچ پەیوەندییان بە رێکخستنە نانۆرمالّەکانەوە نەبوو. هەردووکیان لە ئەنجامی رێکخستنی نێودەولّەتی

دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دروست بوون و هەردووکیان لە ئەنجامی ئەو ڕێکخستنانەوە لەناوچوون کە جەنگی دووەمی جیهانی لەگەڵ خۆی هێنای و ئەو چارەسەرە ئاشتییانەی کە بە دوایدا هاتن. لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا، وەکو باشووری سودان، ئەریتیریا و کوردستانی عیراق، دامەزراوە ئۆتۆنۆمییەکان بەدەستی دەوڵەتە بەشدارەکان کۆتاییان پێ هێنرا، کە لە ڕێککەوتنە سەرەتاییەکان پاشگەز بوونەوە. لە هەموویاندا، دامەزراوەکان لە ئەنجامی گوشاری هێزە دەرەکیەکان یان لە ئەنجامی شکست هێنان لە مەیدانی شەڕدا پەسەند کرابوون. ئۆتۆنۆمی کۆسۆڤۆ ڤۆیڤۆدینا لە ساڵی ١٩٨٩دا بەدەستی سربیای میلۆسۆڤیچەوە کۆتاییان پێهات. دەورەی یەکەمی ئۆتۆنۆمی ئیرلەندای باکوور (١٩٢١-١٩٧٢) بەهەمان شێوە لەسەر دەستی دەوڵەت کۆتایی پێهات، چونکە روون ببوەوە کە حکومەتی هەرێمی لەلایەن زۆربەی کەمینە ناسیۆنالیستە ئیرلەندییەکانەوە بە نایاسایی سەیر دەکرا، کە بە ئاشکرایی لەدژی هەڵگەڕابوونەوە. بەهەمان شێوە دەورەی دووهەمی ئۆتۆنۆمی ئیرلەندای باکوور لە ساڵی ١٩٧٤دا بەدەستی بەریتانیا کۆتایی پێهات، ئەم جارەیان چونکە لەلایەن یەکیەتیخوازەکان و ناسیۆنالیستە رادیکاڵەکانەوە وەکویەک دژایەتی دەکرا. حاڵەتی دیکە هەیە وەکو سریلانکا لە ساڵی ١٩٨٧، کە تیایدا کەمینە، پێشنیارەکانی حکومەتیان سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی رەتکردەوە، کە لە نێوان هیندستان و سریلانکادا دانوستاندنی لەسەر کرابوو، بەڵام لەگەڵ سەرکردەکانی کەمینە دانوستاندنی لەسەر نەکرابوو (Gurr 1993، 301.).[١٥] هەر ئۆتۆنۆمییەک کە لە بارودۆخی ئێستادا لەلایەن سربیاوە بە کۆسۆڤۆ ببەخشرێ، لەوانەیە بەهەمان شێوە رەتبکرێتەوە.

ئەوەی ئەم راستیە نیشانی دەدات ئەوەیە کە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ دەرمانی هەموو دەردان نییە. ئەو هەروەها نیشاندەری ئەوەشە کە ئەو ڕێکخستنانەی کە لەرێگەی هێزە

دەرەکییەکانەوە یان بەهۆی هەڵگەڕانەوەی کەمینەوە لە مەیدانی شەڕدا بەسەر دەوڵەتاندا دەسەپێنرێ، یان ئەوەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر کەمینەدا دەسەپێنرێ، ئەگەری زۆر هەیە کە پێچەوانە بکرێنەوە کاتێک هەلومەرج گونجاو بێ(١٦) شکستی ئیرلەندای باکوور لە نێوان ١٩٢١-١٩٧٢ گۆڕانی ئاشکرا لە سروشتی دامەزراوە ئۆتۆنۆمییەکان و، لە سروشتی چاودێریکردنی وێستمینیستەر نیشاندەدات. ئیرلەندای باکوور، هەرێمێکی جیانەکراوەبوو، بەڵام دامەزراوەکان لەسەر مۆدێلی حکومەتی زۆرینەخوازی وێستمینیستەری بنیاتنرابوون، کە رێگەی بە یەکیەتیخوازەکان دابوو کۆنترۆلی ناسیۆنالیستەکان بکەن. دەوڵەت نەیدەویست گەشەسەندنەکانی ناو ئیرلەندای باکوور ببینێ، و پەرلەمانی دەوڵەت ئەو نەریتەی گەشەپێدا کە مەسەلەکانی ئیرلەندای باکوور نابێ لەناو پەرلەماندا باس بکرێن. سروشتی کەم تەمەنی ئۆتۆنۆمی ئیرلەندای باکوور لە ساڵی ١٩٧٤ و، بارودۆخی ئێستای وڵاتی باسک، هۆکاری لاوازی ئەو رێکخستنانە دەخاتەڕوو کە رادیکاڵەکان ناگرێتەوەو لەهەوڵی دامەزراندنی رژێمی ئۆتۆنۆمی بە هاوکاری میانەڕەوەکاندایە. ئەمە تاقیکردنەوەیەکە زۆربەی کات لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێ و، ناوەڕۆکی بەشداری دۆن هۆرۆویتز پێکدێنێ بۆ نووسینەکانی سەبارەت بە سنووردانانی ململانێی ئەتنیکی (Horowitz 1995, 1990, 2000، هەروەها سەیری Gurr، Gurr -302 :1993 بکە). من نامەوێ بڵێم هەمیشە رادیکاڵەکان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن. لە هەندێ حاڵەتدا، بارودۆخ وا دەشێوێ کە رادیکاڵەکان ئۆتۆنۆمی پەسەند ناکەن و سوورن لەسەر تێکدانیشی. بەهەرحاڵ، لەوانەیە هەندێ جار بشێ بنچینەی پاڵپشتی بۆ رێکخستنە ئۆتۆنۆمییەکان فراوان بکرێ بە هێنانە بەرباسی نیگەرانییەکانی رادیکاڵەکان، یاخود بەشێک لە رادیکالەکان و، لەوانەیە پێویست بێ لەهەوڵی بەشدارکردنی رادیکاڵەکاندا بێ ئەگەر ئەوان پاڵپشتی

دیموکراتیکیان هەبێ. لە هەندێک حاڵەتدا، میانەڕەوەکان لەناو حیزبە رادیکاڵەکاندا، گروپێک کە لە فکری هۆرۆویتزدا نادیارە، دەتوانرێ بەهێز بکرێن ئەگەر ئەوان بەشدار بن لە دانوستاندن و دامەزراوە سیاسییەکاندا. بە بوونی دەستێک لە سیستەمەکەدا، لەوانەیە ئەوان پاڵپشتی رێکخستنە ئۆتۆنۆمیەکان بکەن. ئەمە ئەوەیە کە تاقیکردنەوەی ئیرلەندای باکوور نیشانی دەدات. دوایین رێککەوتنی لەسەر فیدراڵیزمی نانۆرماڵ، دۆکیۆمێنتێکی زۆر بەرزترە لەوەیساڵی ١٩٧٤، چونکە رادیکاڵەکانی لە هەردوولاوە تێیدا جێیان کراوەتەوە (سەیری MeGarry and O’Leary 2004 بکە). ئەوانەی کە نەخشەی ئەمیان دانا، لە هەڵەکانی رابردووەوە فێری بوون. بارودۆخی کۆسۆڤۆ، کە بارودۆخێکە کە تیایدا نزیکەی هەموو پێشنیارەکان بۆ ئۆتۆنۆمی بە دڵنیاییەوە رەت دەکرێنەوە، نیشاندەری مەترسی رێگەدان بە مەسەلەکانە کە تا خاڵێکی وا بشێوێن کە لەدوایەوە ئۆتۆنۆمی پەسەند نەکرێ.

کەواتە ئەو دەرسانەی کە لەم راستییە وەردەگیرێن، ئەوانە نین کە فیدراڵیزمی نانۆرماڵ لە بنەمادا نەشیاوە، بەڵکو ئەمانەن:

* رێککەوتنە ئارەزوومەندانەکان لەنێوان ئەکتەرە بەشداربووەکاندا پێدەچێ هێزی زیاتریان هەبێ لەوانەی کە لە ئەنجامی سەپاندنی زۆرەملێوە دروست دەبن. ئەمە بۆ هەرکام لەو رێککەوتنانە راستە کە بەسەر دەوڵەتەکاندا دەسەپێنرێن و ئەوانەش کە بەسەر کەمینەکاندا دەسەپێنرێن.

* ئەگەر هەرێمەکە لەباری ئەتنیکییەوە جۆراوجۆر بوو، دەبێ گرنگی تایبەتی بدرێ بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوە کە حکومەتەکە هەمەلایەنەیەو مافەکان پارێزراون (سەیری خوارەوە بکە).

* شێوازێکی فیدراڵیزمی نانۆرماڵ کە بتوانێ پشتگیری هەرکام لە رادیکاڵ و

میانەڕەوەکان لەناو کۆمەڵگەی کەمینەدا بباتەوە، ئەگەری سەقامگیری زیاترە لەوەی کە تەنیا لەسەر بنەمای میانەڕەوەکان دامەزراوە.

* بۆ هاوکاریکردنی ڕێگەگرتن لە جۆرە شێواندنێک کە وا بکات ئۆتۆنۆمی نەگونجاوبێ بۆ کەمینەیەک، وا باشترە ئۆتۆنۆمی زووتر ببەخشرێ نەک درەنگتر، واباشترە لەسەرەتاوە سەخی بێت.

دەبێ چاوەڕوانی پلەیەکی دیاریکراوی ناسەقامگیری بکرێ لە هەر حاڵەتێکی فیدراڵیزمی نانۆرماڵدا. تەنانەت لە حاڵەتە تارادەیەک باشەکانیشدا، بە شێوەیەکی ئاسایی دەوڵەت هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدادەبێ کە بە ئاراستەی نۆرماڵیەت بجوڵێتەوە، هەروەکو چۆن مۆسکۆ و مادرید بەم دواییانە ئەنجامیان دا، لە کاتێکدا کە کەمینەکان بە ئاڕاستەی نانۆرماڵیەتی زیاتر دەجووڵێنەوە، یان ئەگەر بێتو کەمینەیەکی دیکە ئۆتۆنۆمی لەوان زیاتر هەبوو، بەرەو پلەیەکی نانۆرماڵیەتی وەکو ئەوان دەجووڵێنەوە.(١٧) لەشوێنێکدا کە ئۆتۆنۆمی ناجێگیری و نیگەرانی دروست بکات، لەوانەیە پێویست بە گۆڕانکاری لە ڕێککەوتنی ئۆتۆنۆمیدا بکرێ نەک بروخێنرێ. لەکۆتاییدا، هەر هەڵسەنگاندنێکی هاوسەنگی پەیوەندی نێوان فیدراڵیزمی نانۆرماڵ و ناجێگیری دەبێ دان بە چیرۆکی سەرکەوتنەکانی نانۆرماڵیەتدا بنێ، کە لە خشتەی ژمارە ١ دا چەند نمونەیەکی تێدایە، هەروەها ئەو ڕاستییە کە ئاڵتێرناتیڤەکانی فیدراڵیزمی نانۆرماڵ لەوانەیە بە لایەنی کەمەوە وەکو ئەو مەودای ناسەقامگیریان تێدا بەدی بکرێ(١٨) بیر لە هەندێک هەرێمی جیهان بکەوە، کە تیایدا گروپەکان بۆ ئۆتۆنۆمی دەجەنگێن وەکو ئاسێ، هەرێمی چیاپاس (Chiapas)ی مەکسیک، هەرێمی کوردستانی تورکیا و، هەرێمی کارێن (Karen)ی میانمار.

## ئایا فیدرالێزمی نانۆرماڵ لەگەڵ ئازادی و یەکسانی ناگونجێ؟

مەترسیەکانی نالیبرالێزم لە هەرێمە ئۆتۆنۆمیە نانۆرماڵەکاندا لەسەر ئەو راستیە دامەزراون کە زۆربەی هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکان هەرێمی فرەئەتنیکی هاوپەیمانن بەو باوەڕەوە کە سەرکردەی کەمینەکان تەنیا گرنگی بە یەک رەگەز دەدەن. لەڕاستیدا، ئۆتۆنۆمی لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی چەوساندنەوەی کەمینە هەرێمییەکان. یەکێک لەو هۆیانەی کە بۆچی ئەو ئەکادیمیە ئەمریکیانەی لەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ناویان هێنراوە لەو شتانە دەترسن بەهۆی ئەزموونی خودی ئەمریکاوەیە، کە تیایدا کۆمەڵگەیەکی کەلتووری دیاریکراو لە سپی پێستەکانی باشوور ئۆتۆنۆمییەکەی خۆیان بۆ تەجرەبەکردنی کۆیلایەتی بەکارهێنا، و پاشانیش، دوای کۆیلایەتی لەناوچوو، بە مەبەستی ئەوە کە باڵادەستی سپی پێستەکان دووبارە بسەپێنێتەوە بۆ سەدەیەک دواتر. لە ئیرلەندای باکوور بەهەمان شێوە، یەکپارچەخوازە بەریتانییەکان مافی خۆیانە کە دەڵێن ئۆتۆمی نێوان ١٩٢١-١٩٧٢ هانی رەگەزپەرستی و جیاوازی دانان بەدژی کاتۆلیک و ناسیۆنالیستەکان دا.

بەو حاڵەش، دروست نییە بڵێین هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکان کە لە لایەن کەمینەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن هاندەری نالیبرالێزمن، وەکو ئەوەی کە نادروستە بڵێین دەوڵەتان هاندەری لیبرالێزمن. هەندێ دەوڵەت مافەکانی مرۆڤ پشتگوێ دەخەن و، هەندێ نەتەوەی کەمینە بروانامەی رەقی لیبرالیان هەیە. سکۆتلەندیەکان و کاتالانەکان باوەڕێکی بەهێزیان بە ناسیۆنالیزمی هەرێمی هەیە لەگەڵ هەستی یەکسانی هەرێمی کە یەکسانن لەگەڵ ئەمریکییەکان. کیوبیکییەکانیش بەهەمان شێوە.(١٩) راستە کە سەرکردە ناسیۆنالیستەکانی کیوبیک کێشەیان لەگەڵ لیستی مافەکانی کەنەدا هەیە، بەڵام ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەوان ئەوە گرێدەدەنەوە بە بەرنامەکەی پییێر ترۆدۆ بۆ بنیاتنانی نەتەوەی کەنەدی. کێشەکەیان لەگەڵ ئەو مافانەی ناو لیستەکە نییە کە مافە تاکەکەسییە لیبراڵە

ستانداردەکان دەپارێزێ، بەڵکو لەگەڵ مافە هەرێمییەکانی سەبارەت بە زمانی کەمینەیە کە پێدەچی توانای کیوبیک سنووردار بکاتەوە بۆ گەشەپێدانی کەلتوورەکەی و، ئەو راستیە کە لیستەکە رێگە بە دادگای کەنەدا دەدات دەست لە ئۆتۆنۆمی کیوبیک وەربدات. ٢٠ کیوبیک لیستی ماف و ئازادیەکانی تایبەت بە خۆی چەسپاندووە، و بەهەمان شێوە، هەرچەندە ئەمە بارودۆخێکی زۆرتر هەرێمیە، بەکارهێنراوە بۆ یاسادانانی هەرێمی. کوردەکانی عێراق، ئەوانەی کە ئەندریاس ویمەر ترسی لێیان هەیە رەگەزپەرستی لەدژی کەمینەکانی نێو هەرێمەکەیان بەکار بێنن، رابردوویەکی باشیان هەیە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەوکاتەوەی کە لەساڵی ١٩٩١ ئۆتۆنۆمی ئەمری واقیعیان بەدەست هێنا وە، لە رادەبەدەر باشتر لەوەی کە دەوڵەتی عیراق هەیەتی کە لێی جیابوونەتەوە (سەیری 2005, O':eary et al بکە). ئێستا کوردەکان خەریکی گەشەپێدانی لیستی مافەکانی خۆیانن و، هەندێک ئازاریان کێشاوە بۆ گەشەپێدانی ناسنامەی کوردستانیەتیان نەک کوردبوونیان لە هەرێمەکەیاندا.[٢١]

لەوەش زیاتر، دەتوانرێ هەندێک هەنگاو هەڵبنرێتەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری نالیبراڵیزم. هۆی ئەوەی کە بۆچی ئیرلەندای باکوور توانی رەگەزپەرستی بەکاربێنێ لە ماوەی نێوان ١٩٢١-١٩٧٢ ئەوە بوو کە حکومەتی ئیرلەندا هاوکاری پەیڕەو کردنی سیستەمی حکومەتی وێستمینیستەری دا لە هەرێمەکەدا. ئەمە یارمەتی ئەوەیدا کە یەکیەتیخوازەکان و پرۆتستانەکان دەسەلات لەو ماوەیەدا بۆخۆیان پاوان بکەن. تەنانەت یەک وەزیری کاتۆلیکیش لە ئەنجومەنی وەزیراندا بەدی نەدەکرا تا ئەو کاتەی کە لە سەرەمەرگی رژێمەکەدا کاتۆلیکێک ئەو پۆستەی پێدرا. حکومەتێک کە نوێنەرایەتی کاتۆلیک و ناسیۆنالیستەکانی نەدەکرد، کە پشتگیری ئەوانی نەدەویست، بە شێوەیەکی رەگەزپەرستانە رەفتاری دەکرد. ئەگەر لەندەن پێداویستەکانی دامەزراندنی حکومەتێکی هەمەلایەنەی دابا، کە لەماوەی ١٩٧٣ و ١٩٩٨دا کردی، ئەم کێشەیە سەری هەڵنەدەدا.

بەهەمان شێوە لەندەن لە نێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٧٢دا رژێمێکی کاریگەری مافەکانی مرۆڤی دانەمەزراند، و بە تەواوەتی لە کۆنترۆڵکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن حکومەتی ئیرلەندای باکوورەوە شکستی هێنا. هەندێک هەڵە هەن کە پێویست ناکا لە حاڵەتەکانی دیکەدا دووبارە بکرێنەوە، هەرچەندە هەندێ سنوور هەیە کە تا چەند دەبێ بەرپرسیاریەتی پاراستنی مافەکان بدرێتە دەوڵەت لە ناو هەرێمی کەمینەدا بە بێ ئەوەی کە دەست لە ئۆتۆنۆمی هەرێمەکە وەربدات. لەوانەیە وا باشتربێ کە داوا لە هەرێمەکە بکرێ کە بۆخۆی لیستێکی مافەکان گەشەپێبدات وەکو پێویستییەکی سەرەتایی بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی، بۆ ئەوەی هەرێمەکە ببێتە رژێمێکی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤی سەرو نەتەوەیی. بەم پێیە حکومەتی ئیرلەندای باکوور لەژێر باری نەریتی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤدایە و، کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ئیرلەندی حاڵی حازر راسپێردراوە بۆ گەشەپێدانی لیستێکی مافەکان بۆ هەرێمەکە.

لەگەڵ ئەم مشتومڕانەدا، دەبێ وەبیر بێنرێتەوە کە نەبەخشینی ئۆتۆنۆمی بە نەتەوە کەمینەکان مافە تاکەکەسییەکانیان پێشێل دەکات. کیملیکا بەشێوەیەکی کاریگەر سەلماندوویەتی کە پێویستییەکی سەرەتایی بۆ تاقیکردنەوەیەکی واتاداری مافە تاکەکەسیەکان ئەوەیە کە لەناو بارودۆخی ئەمنی کەلتووری تاکەکەسێکدا روودەدات و ئەوە کە پاراستنی بارودۆخێکی لەم جۆرە پێویستی بە ئۆتۆنۆمی سیاسی بۆ کۆمەڵگەی کەسەکە هەیە (Kymlicka 1995).

لە کۆتاییدا، ئەمە ئێمە لەگەڵ مەسەلەی (West Lothian) دێڵێتەوە: پێشێل کردنی بنەماکانی یەکسانی و بەرپرسیاریەتی لەکاتێکدا روودەدات کە ئەندامانی دەستەی گشتی یاسادانەران لە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵەوە رێگەیان پێ دەدرێ کە دەنگ بدەن بەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە هەرێمەکەوە خۆیانەوە نیە، بەڵام یاسادانەرانی بەشەکانی دیکەی دەوڵەت هیچ دەنگێکیان نیە لەسەر ئەو جۆرە مەسەلانە لە ناو هەرێمە

ئۆتۆنۆمییەکەدا. هەندێک لە شێوازەکانی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم مەسەلانە لەوانی دیکە کەمتر سەرنج ڕاکێشن. یەکەمینیان بە لابردنی ئۆتۆنۆمییە بە دانی ئۆتۆنۆمی یەکسان بە هەموو بەشەکانی دەوڵەت. کێشە لەگەڵ ئەمەدا ئەوەیە کە لەوانەیە بەشەکانی دیکەی دەوڵەتەکە ئۆتۆنۆمییان نەوێت. کێشەیەکی دیکەش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ڕژێمێکی نۆرماڵە بارودۆخی کەمینەیەکی نەتەوەیی وەکو هی هەرێمێکی نۆرماڵی دیکە لێکردووە لە لایەن کەمینەکەوە پەسەند نەکرێ. چارەسەرێکی دیکە کەمکردنەوەی ژمارەی یاسادانەرانی هەرێمەکەیە لە دەستەی گشتی یاسادانەراندا (و لەوانەیە بەخشینی قورساییەکی کەم پێیان لە هەڵبژاردنی ڕاپەڕێنەری سەرۆکایەتیدا). ئەم چارەسەرە لۆژیکێکی ڕازیکەری ئاشکرای هەیە: ئەگەر پەرلەمانی مەرکەزی و حکومەت بەرپرسیاریەتی کەمتریان هەبێ بەرامبەر هەرێمی کەمینە لەوەی کە بەرامبەر هەموو دەوڵەتەکە هەیانە، کەواتە هەرێمەکە بەهەمان شێوە دەبێ دەسەڵاتی کەمتری هەبێ بەسەر مەرکەزدا. ئەمە لۆژیکێکە کە ژمارەیەکی زۆر لە ناسیۆنالیستەکانی کەمینە پەسەندی دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمە کارێکی پڕمەترسییە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ دەوڵەتەکە بە یەکگرتوویی بێڵنەوە. ئەگەر ڕۆڵی کەمینە لە دامەزراوەکانی مەرکەزی دەوڵەتدا کەم بکرێتەوە، کەواتە دەسەڵاتی دەوڵەتیش لە هەرێمەکەدا دەبێ کەم بێتەوە و، لەوانەیە دەوڵەتیش کەمتر گوێ بداتە بەرژەوەندییەکانی کەمینە کاتێک باسی مەسەلەی گشتی دێتە پێشەوە. کێشەی ئەوەش هەیە کە تا ئەو کاتەی دەوڵەت چاودێری "مەسەلە گشتییەکان"ی وەکو سیاسەتی دەرەوە، کە کەمینە مافی تێیاندا هەیە، لەبەر هۆییەکانی یەکسانی مەدەنی، دەبێ بەتەواوەتی نوێنەریان هەبێ لەکاتی هەر بڕیاردانێکدا. لەهەر حاڵەتێکدا، پێشنیارەکان بۆ کەمکردنەوەی نوێنەرانی کەمینە لە دەستەی گشتی یاسادانەراندا نابێتە هۆی دەستتێوەردان لەو بنەمایە. لەوانەیە ئێستاش کێشەیەک هەر هەبێ ئەگەر کەمینە تەنیا یەک نوێنەری هەبێ.

ڕێگەیەکی گونجاو، هەرچەندە بێ کێشەش نییە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیە پێویستییەکە، یان نەریتێکە، کە یاسادانەرانی کەمینە دەنگ نادەن کاتێک کە یاسادانانەکە کاریگەری لەسەر هەرێمەکەیان نەبێ. بیانووی سەرەکی بۆ دژایەتی کردنی ئەمە لە سیستەمە پەرلەمانییەکانی وەکو بەریتانیا و کەنەدادا ئەوەیە کە ئەمە بە دژی ئەزمونە نەریتییەکانی بەرپرسیاریەتی گشتییە: حکومەتێک لەوانەیە لە هەندێک پرسدا زۆرینەی هەبێ کاتێک کە نوێنەرانی کەمینەکانیش بەشداربن تێیدا، بەڵام تەنیا کەمینەیەکی دەبێ لە پرسەکانی دیکەدا (Bogdanor 1999). بەهەمان شێوە هەمیشە روون نیە کە یاسایەکی تایبەتی، بە لایەنی کەمەوە ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی نابێ لەسەر هەرێمێکی کەمینە.[٢٢]

بەو حاڵەش، ئەگەر زۆرینەی حکومەت لە هەموو مەسەلەکاندا بە گرنگ دابنرێ، ئەمە دەکرێ بە پێکهێنانی هاوپەیمانیەتێکی بە پێی پێویست گەورە بەدەست بهێنرێ. یان لەجیاتی ئەوە، حکومەت دەتوانێ وەکو کەمینە حوکم بکات لە هەندێ حاڵەتدا، کاتێک کە حکومەتە کەمینە نەریتیەکان دەبێ مامەڵە لەگەڵ هەموو پرسەکان بکەن. هیچ کام لەم سیناریۆیانە خراپ نین. هاوپەیمانیەتێکی زۆرینەی گەورە لەوانەیە بە باشتر ببینرێ، لە حاڵەتی ئەو سیستەمە هەڵبژاردنە پلۆراڵییەدا کە زۆرینەی یەک نەفەری هەیە، کە ئێستا لە چەندین وڵاتدا بەکار دەهێنرێ، حکومەتی زۆرینەی نەریتی لە کەمینە هەڵبژاردەبییەکان دروست دەکات. هاوپەیمانییەکی زۆرینەی گەورە، کە هاوپەیمانیەکە پێویستی بە زیاتر لە زۆرینەیەکی سادەی کورسییەکان بۆ یاسادانان هەیە، ئەگەری زۆرتری هەیە کە لەسەر بنەمای زۆرینەی هەڵبژاردن دابمەزرێ. سەرنج بدە کە کێشەکانی یاسادانان کە بەهۆی مەسەلەی "West Lothian Question" سەپێنران، لە سیستەمە یاسادانانە کۆنگرێسیەکانی حزبی لاواز سەرهەڵنادەن، کە تیایاندا زۆرینەکان بەپێی ئەو پرسانەی باسیان لێوە دەکرێ دەگۆڕێن.

## دەرەنجام

لەم لێکۆڵینەوە شیکارییەدا، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵم کردووە سەبارەت بە فیدرالیزمی نانۆرماڵ لە سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ باسکردنی چەندین حالەتی جیاجیا و، ئەو بارودۆخانەی کە هەریەک لەو حالەتانە تێیدا هاتوونەتە بوونەوە. ئەوەشم شیکردووەتەوە کە مشتومڕەکان لەسەر نۆرماڵیەت و نانۆرماڵیەت بەزۆری مشتومڕی ئەوەن کە ئایا دەوڵەت دەبێ دەوڵەتی نەتەوەیی بێ یاخود فرەنەتەوەیی. خۆی لەخۆیدا ئەم مشتومڕانە لە چەند دەوڵەتێکدا کە جیاوازی نەتەوایەتییان زۆرە مشتومڕی سەرەکین. من پاڵپشتی ئەوم کردووە کە بە پێچەوانەی نیگەرانییەکانی ناسیۆنالیستە دەوڵەتییەکان، یان یەکپارچەخوازەکان، راستییەکی زۆر کەم هەیە کە نانۆرماڵیەت یارمەتی دابەش بوون دەدات. لەڕاستیدا، نزیکەی هەموو حالەتەکانی جیابوونەوەی سەدەی بیستەم لە دەوڵەتە یەکپارچەکاندا روویانداوە، یان لەو فیدراسیۆنە بەدێموکراسیکراوانەدا کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێژووەکەیاندا بەمەرکەزی کراون و کە لە سروشتدا نۆرماڵ بوون. فیدرالیزمی نانۆرماڵ لەوانەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیری و نالیبرالیزم لە هەندێ حالەتی دیاریکراودا، بەڵام لە سروشتی خۆیدا هیچ شتێکی ناسەقامگیر یان نالیبراڵی تێدا نیە. بەڵکو زیاتر پشت بە بارودۆخ، بە مۆتیڤەکانی لایەنە بەشدارەکان، و بە وردەکارییەکانی رێکخستنە ئۆتۆنۆمییەکان دەبەستێ.

## پەراوێزەکان

١- هەروەکو Elazar و Watts تێبینیان کردووە، سیستەمە سیاسیە فیدرالیەکان تەنیا بە فیدراسیۆنەکانەوە نەبەستراونەتەوە، کە هەندێک جار وا بیر دەکرێتەوە. سیستەمێکی سیاسی فیدراڵی خێزانی چەند سیستەمێکە کە تیایدا سیفەتەکانی هەرکام لە حکومەتی سەربەخۆو حکومەتی هاوبەش بەدی دەکرێ: لەبەر ئەوە ئەوان فیدراسیۆنەکان، کۆنفیدراسیۆنەکان، فیدراسیەکان و دەوڵەتە یەکپارچە نامەرکەزییەکان، یەکیەتیەکان و هتد ... لەخۆ دەگرن. سەیری Elazar 1987 و Watts 1999 بکە.

٢- فیدراسی هەندێک پێشێلکاری دەنوێنێ، چ لە دەستووردێک یاخود لە ڕێککەوتننامەیەکدا.

٣- Home Rule زاراوەیەکە کە تایبەتە بە گروپە کەمینەکان، لەکاتێکدا کە گواستنەوە کەمێک گشتگیرترە.

٤- لەهەندێ شوێندا، نۆرمالیەت لە نێوان نەتەوەکاندا وەکو فیدرالیزمی نانۆرمال دەگونجێ، بە واتایەکی دیکە، کاتێک هەر یەکەیەکی فیدرال نوێنەرایەتی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی دیاریکراو بکات و فیدراسیۆنەکە وەکو شەریکایەتیەکی فرەنەتەوەیی ڕێکخرابێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دەوڵەتێکی یەکپارچەیی مەرکەزیکراوی موەحەددا، یان لە فیدراسیۆنێکی نۆرماڵدا کە تیایدا زۆربەی یەکەکان سەربە کۆمەڵگەی نەتەوایەتی باوی دەوڵەتەکەن، دانان بە نەتەوەبوونی کەمینەیەک نیشاندەری فیدرالیزمی نانۆرماڵە بە واتا ستانداردەکەی.

٥- سیاسەتەداره سلۆڤاکیەکان، بەپێی سەرچاوەیەک، "ئۆتۆنۆمی (بۆ کەمینەی ماگیار (Magyar) و جیاخوازی بەیەکسان لەقەڵەم دەدەن Opalski 2002: 162 .

٦- لە "ئۆتۆنۆمی ناتەواو بۆ کۆرسیکا حکومەتی فەرەنسا لەت دەکا"، وێبسایتی سۆشیالیستەکانی جیهان، ٥ی ئەیلولی ٢٠٠٠ هاتووە:

www.wsws.org/artieles/2000/sep2000/cors-s05.shtml

٧- بە پێی ئاندریسکو (Andreescu) ڕۆمانیا ئۆتۆنۆمی نابەخشێ بە ترانسیلڤانیا (Transilvania) لەبەر ئەو ترسەی کە دەبێتە بەشێک لە هەنگاریا in Kymlcka and. Andreescu Opalski .2001: 272

٨- یەلتسن، کە لە شەڕێکدا لەگەڵ کۆمۆنیستە توندڕەوەکاندا گیری کردبوو، بە هەرێمەکانی ڕوسیای گوت کە "تا دەتوانن ئۆتۆنۆمی وەربگرن".

٩- ژمارەیەک دۆکیۆمێنتی نێودەوڵەتی، وەکو یاسای چوارچێوە سەبارەت بە مافەکانی کەمینە نەتەوەییەکان و دۆکیۆمێنتەکانی لەند (Lund) لایەنگری ئۆتۆنۆمی ناهەرێمی دەکەن بەڵام لەبارەی ئۆتۆنۆمی هەرێمییەوە هیچیان پێ نیە.

١٠- هێندێرز (Henders) دەنووسێ: "لە ماوەی جەنگی دژی فەرەنساو ئەمریکا، کە زۆربەیان لە لایەن هەرێمی کەمینەوە بوون، کۆمۆنیستە ڤیەتنامییەکان هەرێمی ئۆتۆنۆمی تای میۆ (Thai Meo) پاشان، ڤیەت باک (Viet Bac) و لاوهاییێن (Lao-Yen-Ha)یان دامەزراند. دوو کانتۆنەکانی پێشوو تا سەرکەوتنی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٧٥ مانەوە بەڵام ماوەیەکی کەم دوای

ئەو لەناو چوون"، 527 :1997 لە ساڵی ١٩٤٦، حکومەتی ناسیۆنالیستی چینی، کە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان لە حاڵی شەڕی ناوخۆدابوو، ئۆتۆنۆمی هەرێمی دابە هەرێمی دابڕاوی "کۆماری تورکستانی ڕۆژهەڵات" Henders 1997.

١١- ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەرکام لە ترسەکانی ڕوودانی جیابوونەوە و ترسەکانی سەبارەت بە دەرەنجامەکانی جیابوونەوە، ئەگەر ڕوویدات.

١٢- سوپاس بۆ جۆن جاوۆرسکی (John Jaworsky) بۆ ئەم زانیارییانە.

١٣- بڕیارێکی جۆرجیا بۆ ستاندنەوەی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی ئۆسێتیای باشوور لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠دا یەکسەر شەڕی ناوخۆی تەقاندەوە. بڕیاری جۆرجیا بۆ ساندنەوەی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی ئەبخازیا لە شوباتی ١٩٩٢دا بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ یەک مانگ دواتر (Kolsto 2002:207). ساندنەوەی ئۆتۆنۆمی لە کۆسۆڤۆ لەلایەن سربیاوە لە ساڵی ١٩٨٩ تەنیا یارمەتی سەرهەڵدانی تەندوتیژی نەدا لە کۆسۆڤۆ لەساڵی ١٩٩٧ەوە، بەڵکو بووە هۆی تەقینەوەی زنجیرە ڕووداوێک کە بوونە هۆی دابەش بوونی یۆگسلاڤیا. ئەم هەڵوەشاندنەوانە نەک تەنیا ململانێ دروست دەکەن بەڵکو باسوخواسەکانی پەیمانە ئۆتۆنۆمییەکانی دوای خۆشیان گران دەکەن، هەروەکو چۆن باوەڕەکانی سەنتەری دەوڵەت دەخەنە مەترسییەوە.

١٤- سەرچاوە:

http://www.siamgloblus.com/frank/mo/Historn/history.html

١٥- دەفتەری (Daftary) توندوتیژییەکانی کۆرسیکا کە بەدوای کۆکردنەوەی ئۆتۆنۆمی لەلایەن فەرەنساوە لە ساڵی ١٩٩١ دەبەستێتەوە بەو ڕاستیە کە ئەمە لە لایەن پاریسەوە سەپێنرابوو، نەک ئەوەی کە لەگەڵ سەرکردە کۆرسیکییەکان دانوستاندنی لەسەر کرابێ (Daftary 2001: 29).

١٦- سودان ساڵی ١٩٨٣ کۆتایی بە ئۆتۆنۆمی باشوور هێنا کاتێک کە شوێنگەی سەربازییەکەی گەشەی سەند. خەرتووم دڵنیابوو لەوەی کە لەوانەیە لە باشوور تووشی شکست بێ بەهۆی بالادەستی سەرچاوە نەوتییەکانی. لە کرواتیا لە سەرەتاکانی نەوەتەکاندا، زەگرێب (Zagreb) ئۆتۆنۆمی هەرێمی بەخشی بە کەمینەی سرب دوای ئەوەی کە هەڵگەڕایەوە بە پشتیوانی سوپای یۆگسلاڤیا. بەخشینەکە ڕەتکرایەوە. سەرکەوتنی سەربازیی ١٩٩٥ی کرواتیا بەهۆی بەخشینی دووبارەی ئۆتۆنۆمییەوە بەدەست نەهات، بەڵکو بەهۆی پاککردنەوەی ئەتنیکی سربییەوە بەدەست هێنرا. بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکان، ئۆتۆنۆمییەکە ستێنرایەوە. بۆ دڵنیایی زیاتر لەو دەوڵەتانەی

لەژێر گوشار ڕێگەیان بە ئۆتۆنۆمی داوە، ساندنەوەیان کاتێک کە بالانسی هێزەکان پێچەوانە بووەتەوە، سەیری Henders 1977: 527 بکە.

١٧- زۆر لە سیاسەتمەدارە وێلزییەکان ئێستا لە هەوڵی یەکسانی زیاتردان لە نێوان پەرلەمانی خۆیان، کە تەنیا دەسەڵاتی ڕێکخستنی هەیە و، پەرلەمانی سکۆتلەندیدا، کە دەتوانێ کاری یاسادانانی سەرەکی بکات.

١٨- شتێکی سەرنج ڕاکێشە تێبینی ئەوە بکەین کە لە ژمارەیەکی زۆر لە حاڵەتەکاندا کە ئۆتۆنۆمی لە لایەن دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتەوە ستێنراوەتەوە، وەکو لە ئەریتیریا، کوردستانی عێراق، کۆسۆڤۆ، باشووری سودان و، ئیرلەندای باکوور، ئێستا هەرێمەکان یان دەولەتی سەربەخۆن یان هەرێمی ئۆتۆنۆمی نانۆرماڵن.

١٩- حاڵەتی شاز هەیە، یەکێک لەوانە جاک پاریزۆ (Jaques Parrizeau)، سەرۆک وەزیرانی کیوبیک لە کاتی ریفراندۆمی ١٩٩٥. دوای ئەوەی کە لە شەوی ریفراندۆمەکەدا ئەنجامەکە ئاشکرا کرا، ئەو بە وردی گلەیی لە دۆڕاندنەکەی لە "پارەو دەنگی ئەتنیکی" کرد. وادیارە "پارە" مەبەست لە ئەنگلۆفۆنە دەوڵەمەندەکانی مۆنتیریاڵە. "دەنگی ئەتنیکی" مەبەست لەو کۆچبەرە تازەگەیشتووانەیە کە نە لە باکگراوندی ئینگلیز زمانەکانن و نە هی فەرەنسی زمانەکان کە بەشێوەیەکی فراوان فیدراڵیستن.

٢٠- بە شێوەیەکی جیاواز، لیستی مافەکانی کەنەدی کە مافە تاکەکەسییە بنچینەییەکانی دەپاراست، بەڵام هیچی بۆ بنیاتنانی نەتەوەی کەنەدی تێدا نەبوو، یان ئەوە کە بەندی وای خرابووە سەر کە جەختی کردبووەوە لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی کیوبیکیەکان وەکو هی ڕەسەنەکانی کەنەدا، کە ڕۆڵێکی دابوو بە کیوبیک لە هەڵبژاردنی دادوەرانی دادگای باڵای کەنەدادا، وەکو ناپەسەند لەلایەن ناسیۆنالیستە کیوبیکییەکانەوە سەیر نەدەکرا. بەهەرحاڵ، ئەمە تەنیا خوێندنەوەیەکە لەوەی کە پەیمانی میچ لەیک (Meech Lake Accord) دەیەویست ئەنجامی بدات. سەرکردەکانی کیوبیک بەگشتی دەستیان لە ناسیۆنالیزمی ئەتنیکی بەرداوە لەبەرژەوەندی ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی گشتگیر لەسەر بناغەی کیوبیک.

٢١- هەر زوو، لە ساڵی ١٩٥٣دا، پارتی دیموکراسی کوردی ناوی خۆی گۆڕی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆئەوەی گشتگرتر بێ بۆ غەیرەکوردەکان (McDowall 2002: 297)، و سەرۆکی حکومەتی ئێستای یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح، زۆر چالاکانە

لەهەوڵی گەشەپێدانی ناسنامەیەکی کوردستانیدایە. لەو کاتەوەی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ ئۆتۆنۆمی وەرگرت، کەمینەکان مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کراوە و لە هەردوو حکومەتەکەی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) دا نوێنەرایەتیان هەیە. دوو رەخنەگر لە فیدراسیۆنی فرەنەتەوەی عیراق، بەو حاڵەش تێبینی ئەوە دەکەن کە "ئازادییە مەدەنییە بنەڕەتییەکان پارێزراون" لە کوردستان (Byman and Pollack). کارنامەی باشی مەدەنی کوردستان بناغەی پراگماتیکی بەهێزیان هەیە. کوردەکان بە دوژمنی زەبەلاح و بەهێز دەورە دراون، لە ناوەوەو دەرەوەی عیراق. ئەوان نایانەوێ بانگهێشتی دەستتێوەردان بکەن، یان پەیوەندی دۆستانەی کەمینەکانی دنیا تێکبدەن لە رێگەی پێشێلکردنی مافەکانی کەمینە تورکمانەکان یان عەرەبەکان. لەبەر ئەوەی کە کوردی دیکە لە وڵاتانی دراوسێیاندا وەکو کەمینەی چەوساوە دەژین، کوردەکانی عیراق لەسەر هەقن بۆ دروستکردنی نمەنەیەکی باش: مامەڵەی خراپ لەگەڵ تورکمانەکان بەهانە دەداتە دەستی تورکیا بۆ بەردەوام بوون لە چەوساندنەوەی کوردەکانی خۆی، لەحاڵێکدا سیاسەتێکی لیبراڵ لە کوردستاندا، لیبراڵە تورکەکان بەهێز دەکات.

٢٢- لە پەرلەمانی بەریتانیادا، یاسادانانی چاودێری تەندروستی سەبارەت بە بەریتانیا، دەتوانرێ بەسەر سکۆتلەنداشدا جێبەجێ بکرێ، کاتێک کە دەتوانێ کار بکاتە رادەی سەرمایەی سکۆتلەند لە خەزێنەی بەریتانیادا زیاد بکات.

* نامیلکەیەک بۆ سێهەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی سەبارەت بە فیدراڵیزم. برۆکسل، ٣-٥ی ئازاری ٢٠٠٥، بەشی ١-٢ "ناسنامە سۆشیۆ-کلتوورییەکان و فیدراڵیزمی نانۆرماڵ.